

## عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:
## ئالوودەی ئیشی هێڵکاری بووم.. هەر شتێکیشم بخوێندبایەوە، بەبیرکردنەوەیەکی فەلسەفی و ڕەخنەیی دەمخوێندەوە.

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

**(٢ - ٥)**

* عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ، یەکێکـە لـە هونەرمەنـدە داهێـن و هەڵکەوتووەکانـی کـورد، هونەرمەندێکـی زۆر تایبـەت و دەگمەنـە کە بۆ هونەری شـێوەکاریی کوردی مایـەی سـەربەرزی و شـانازییە. ئـەو هونەرمەنـدە کـە جێدەسـتی بەسـەر هونـەری شـێوەکاریی کوردییـەوە دیـارە، هونەرمەندێکـی عاشـقە هونـەرە، هونـەر بەنـاو خوێـن و دەمـار و مـۆخ و ئێسـقانەکانیدا ڕۆچـووە، بۆیە لـە نـاو شـێوەکارانی کـورد بـە ئاسـانی لێـت ون نابـێ. ئـەو جگـە لـەوەی لـە بـواری هونـەری وێنەکێشـاندا کەسـێکی لێهاتـوو و دەسـڕەنگینە، شـێوازی تایبەتـی خـۆی هەیـە، خاوەنـی پاشـخانێکی ڕۆشـنبیریی گشـتی دەوڵەمەندیشـە کـە لـە هونەرەکەیـدا ڕەنگـی داوەتەوە.

* ئـەو هونەرمەنـدە زۆر لەنـاو هونەرەکـەی خۆیـدا قـووڵ بووەتـەوە، بـە هەمـوو ڕێچکـە و ڕێبـاز و قوتابخانـە هونەرییەکانـی دنیـا ئاشـنا و شـارەزایە و بیـروڕای تایبەتـی خـۆی لـە بارەیانـەوە هەیـە، نـەک هـەر ئەوەنـدە، بگـرە سـەبارەت بـە هونەرمەندانـی لای خـۆمـان و جیهـان و کار و هونەرەکەیـان قسـەی خـۆی هەیـە، ئـەو هەمـوو کاتەکانـی ژیانـی بـۆ هونەرەکـەی و کارکردنـی بـەردەوام تەرخـان کـردووە، بۆیـە ئـەم هونـەرە بـاڵا و ئاسـتە بـەرزەی پێـی گەییـوە، بەرهەمـی عیشـق و خولیایەکـی سەرشـێتانەیە، بـە دیـار هونەرەکەیـەوە شـەونخوونی کێشـاوە و بـێ هـەدادان کاری کـردووە، بەرهەمە تایبەتمەندانەکەیشـی بەرئەنجامـی متمانـە بەخۆبـوون و تێڕوانیـن و ئەزموونێکـی قووڵـە کـە هـەروا بـە ئاسـانی بـە دەسـتی نەهێنـاوە، بەڵکـوو بـەری ڕەنجـی هەمـوو ژیـان و تەمەنیەتـی، ئەوەتـا خـۆی دەڵـێ: (هونـەر

کەمێکت ناداتێ، تاکوو هەموو خۆتی نەدەیتێ).

* ئەم هونەرمەندە، هەر لە منداڵییەوە حەزی بە هونەر کردووە، سەرەتا بە هۆی خۆڵفرۆشیی باپیرییەوە، عەشقی خاک و خوڵی وڵاتەکەی دەبێ، لەبەر ئەوەی هەر ئەو کەرستەیەی لەبەردەستدا بووە، بۆیە هەر لە تەمەنی (٥) ساڵییەوە هەوڵی داوە بە قوڕ، ئاژەڵ و باڵندە و پەلەوەر دروست بکا، بۆ هەڵبژاردنی هونەر و ئەم کارانەی کردوویەتی، دایک و باوکی ڕێگرییان لێ نەکردووە، بەڵام لەناو کەسوکارەکەیدا تاک تاک هەبوون بە کارەکانی سەخڵەت دەبوون و بە دروست کردنی بت و سەنەمیان زانیوە، بۆیە ئامۆژگارییان کردووە دەست لەو کارە هەڵبگرێ، بەڵام ئەو گوێی بە قسەی ئەوان نەداوە، لەسەر کاری خۆی بەردەوام بووە و کۆڵی نەداوە، لە پاڵ ئیشی قوڕ، وردە وردە ڕەسمیشی کردووە.

* لە پۆلی پێنج و شەشی سەرەتایی بووە کە مامۆستاکانی، وێنەکانی ئەویان وەک هۆیەلی ڕوونکردنەوە بۆ پۆلی یەک و ئەلفبێکەی باڵدار بەکار هێناوە. خەونی زۆری هەیە، هەر لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێ، چاوی لە پێشخستنی هونەرەکەی و پێشکەوتنی زیاترە، چونکە ئەو لەو هونەرمەندانەیە کە سەرومڕ ژیانی خۆی بۆی تەرخان کردووە، خولیا هونەرییەکەی لەسەرووی هەموو شتەکانی دیکە، تەنانەت خۆشییەکانی ژیانی خۆشی داناوە، لە هەموو بارودۆخێکدا، لە هەر کوێ بووبێ کاری کردووە و لە هونەرەکەی دانەبڕاوە. بۆ پێشخستنی زیاتری هونەرەکەی شەو و ڕۆژی لێک گرێ داوە، تا ئێستا من زۆر کەم ڕێکەوتی کەسێکم کردووە وەک ئەو هونەرمەندە دڵسۆز و خەمخۆری هونەرەکەی بێ، یان هەموو ژیانی بۆ بەلاوە نابێ و خۆی نەزری هونەرەکەی کردبێ. ئەو سەرەڕای ئەوەی بەردەوام خۆی بۆ هونەر



عەبدوڵڵا ڕەسووڵ- ئازاد عەبدولواحید

تەرخان کردووە و هەموو کاتەکانی ژیانی پێ بەخشیوە، بۆیە هونەر بە تەواوی ئەویان داگیر کردووە، چونکە هەست دەکا ئەوەی تا ئێستا کردوویەتی، لە ئاستی خەون و ئاواتەکانی ئەودا نین، لۆرکا دەڵێ هێشتا شیعرێکم نەنووسیوە وەک شمشێر بچەقێنە دڵمەوە، ئەویش پێی وایە هێشتا ئەو هونەرەی بەرهەم نەهێناوە کەفوکوڵی دڵی خۆی پێ دابمرکێنێتەوە.

* عەبدوڵڵا ڕەسووڵ هونەرەکەی بۆ میللەتەکەی تەرخان کردووە و هەرگیز لە تراژیدیاکانی دوور نەکەوتووەتەوە، چونکە هونەرمەندێکە هەڵقوڵاوی ڕوح و ناخ و هەناوی میللەتی خۆیەتی، ئەم پەیامەشی لە کارە هونەرییەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە و بە ڕەنگ و تەکنیک و شێوە و شێوازی جودا جودا گوزارشتی لێ کردووە. لە هەموو ڕۆژگارە خۆش و ناخۆشەکاندا، لە هەر قۆناغێکی ژیانیدا، درۆی لەگەڵ جیهانبینی هونەریی خۆی نەکردووە، لەگەڵ ئێش و ئازاری میللەتەکەی خۆی ژیاوە. ئەم هونەرمەندە ئەزموونگەرە بەردەوام بۆ نوێخوازی هەوڵی داوە، لەگەڵ خەیاڵ و خەون و دنیابینی و دەربڕینەکانی ڕاستگۆیانە کاری کردووە، بیکاسۆ دەڵێ: من لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا هەوڵم داوە وەک منداڵێکی حەوت ساڵان وێنە بکێشم، ئەم هونەرمەندەش ویستوویەتی ئەو منداڵەی لە

ناخیدایـە، وەک خـۆی بمێنێتـەوە و گـەورە نەبـێ. ئـەو کـە لـە جیهانێکـی پـڕ لـە ژاوەژاو و ئـاژاوە و ئاڵـۆزدا دەژی، بـەدوای ژیانێکـی هێمـن و ئـارام و سەقامگیردا دەگـەڕێ، بۆیـە لـە تابلۆکانیدا زۆر ورد و پشـوودرێژانە کاری کـردووە، بـە لێکۆڵینـەوەی زۆرەوە هەوڵـی داوە بچێتـە نێـو ناخـی مرۆڤەکانـەوە و خەمـە سـەرەکییەکانی وەک: دوورەپەرێـزی و نامـۆ بـوون و تەنیایـی و غـەم و تـرس و نیگەرانـی و دڵەڕاوکـێ و وردبوونـەوە و ڕامـان لـە ئایینـدەی کردووەتـە بابەتـی تابلۆکانـی و بەرجەسـتەی کـردوون.

* هونەرمەنـد عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ زۆر بـە خـاک و خەڵـک و وڵاتـی خۆیـەوە نووسـاوە، هـەر لـەو ڕۆژەوەی فامـی کردووەتـەوە، وەک کەرسـتەیەک مامەڵـەی لەگـەڵ خـۆڵ و قوڕ کـردووە و کەوتووەتە دروسـتکردنی باڵنـدە و ئـاژەڵ، پێوەندییەکـی گیانـی بـە گیانـی بەهێـزی لەگـەڵ خـاک و خۆڵـی نیشـتمانەکەیدا پەیـدا کـردووە، بـەو هۆیەشـەوە بـە خاکەکەیـەوە بەسـتراوەتەوە و سەمەندەرئاسـا لـە پێناویـدا سـووتاوە، ڕۆژ دوای ڕۆژ ئـەو پێوەندییـە گیانـی بـە گیانییـە لـەلای پتەوتـر و بەهێزتـر لـە هونەرەکەیـدا خـۆی نوانـدووە، چونکـە پابەنـدی و پێوەنـدی بـە خـاک و خۆڵـەوە، تەنیـا بەشـێک لـە یادەوەری و ڕابـوردوو نەبـووە، بگـرە لەگەڵـی ژیـاوە و گـەورە بـووە و لـە ویژدانیـدا ماوەتـەوە، تەنانـەت بووەتـە ڕەگەزێکـی گرنـگ و جەوهـەری کارەکانـی، بەڵکـوو بەشـێکی زینـدووە لـە جیهانبینـی هونەریـی ئـەو، کـە بەبـێ ئـەو ئامـادە بوونـە، هەسـتی بـە تێکچوونـی هاوسـەنگیی خـۆی کـردووە، چونکـە لـە هـەر کـوێ بووبـێ، نیشـتمانی بـە کۆڵـی خـۆی داداوە و لـە یادەوەری و زەیـن و ویژدانیـدا هەڵـی گرتـووە و لێـی دانەبـڕاوە، بۆیـە هەرگیـز لـەلای کاڵ نەبووەتـەوە.

* لـە پـاڵ کاری بەردەوامـی لـە بەرهەمهێنانـی هونەرێکـی جیـاواز، وەک پەروەردەکارێکیـش لـە سـاڵی خوێندنـی ١٩٧٩- ١٩٨٠ـەوە، یەکـەم جـار لـە شـەقڵاوە کـە سـەرەتای دامەزرانەکـەی لەوێـوە دەسـتی پـێ کـردووە، دەبێتـە مامۆسـتای هونـەر، پاشـان بەهـۆی ئـەوەی بڕوانامـەی ئەکادیمیـای هونـەرە جوانەکانـی بەغـدای هەبـووە، دەبێتـە یەکێـک لـە دامەزرێنەرانـی پەیمانگـەی هونـەرە جوانەکانـی سـلێمانی. دواتـر وەک سـەرۆکی لقـی ڕەسـم و مامۆسـتا لـەو پەیمانگەیـەدا، سـاڵی ١٩٨٠- ١٩٨٦/٦/٢٨ دەسـت بـەکار بـووە. لـە بریتانیـاش لـە ١٩٩٦- ١٩٩٧ بڕوانامـەی وانەبێـژی وەرگرتـووە، وانـەی بـە قوتابیانـی کۆلێـژی هونـەری ئـەوێ وتووەتـەوە. لـە سـاڵی ٢٠٠٥، دوای گەڕانـەوەی بـۆ کوردسـتان، لـە کۆلێـژی هونـەرە جوانەکانی هەولێر دامـەزراوە، تا لە سـاڵی ٢٠١٥، ڕۆژی خانەنشـین بوونـی، لـە کاری پەروەردەیـی بـەردەوام بـووە، لـە هەمـوو ئـەو جێیانـەدا بـە دەیـان و سـەدان قوتابـی لەسـەر دەسـتی ئـەو هونەریـان خوێنـدووە و خۆشویسـتووە و لەبـن دەسـتی پێگەییـون و دەرچـوون.

* لەبـەر سادەیی و ساکاریی و خاکێتی خـۆی، لەنـاو ناوەندەکانـی خوێندنـی هونـەری، هەروەهـا لـە ناوەنـدی هونـەری و ڕۆشـنبیریی کوردیـدا کەسـێکی شـیرین و خۆشەویسـتە، تـا ئێسـتاش کـە خانەنشـین بـووە، قوتابییەکانـی زۆریـان خۆش دەوێ و ڕێـز لـە خـۆی و هونەرەکـەی دەگـرن، ڕێزەکـە لەلایـەک هـی کەسـێتی پـاک و سـەنگین و ڕاسـتگۆیانەی ئـەوە، لـە مامەڵەکـردن لەگـەڵ دەروبـەر و ناوەنـدە هونەرییەکـە، لەلایەکیـش ڕێـز گرتنـە لـە ئاسـتی هونـەرە باڵاکـەی کـە خاوەنـی ئەزموونێکـی دەوڵەمەنـدە، بـەردەوام کاری نـوێ و نوێخوازانـەی خـۆی پێشـکەش کـردووە و پێشـکەش دەکات. ئـەم هونەرمەنـدە دانسـقەیە دنیایەکـی تایبـەت بەخـۆی هەیـە، نـە خـۆی و نـە هونەرەکـەی بـە هیـچ هونەرمەندێکـی دیکـە

ناچن کە من لە ژیانمدا لە نزیکەوە دیومن و ناسیومن، ئەو تا بلێی کەسێکی هەست ناسک و هەستیارە، لەو کاتانەی من بە گەرموگوڕی گفتوگۆم لەگەڵی دەکرد، لە زۆر هەڵوێست و گێڕانەوە و قسە و باسدا، بەبێ ویستی خۆی فرمێسک دەزایە چاوەکانی. ئەو هونەرمەندە کە ماسییەکی گەورەیە لە ئاوێکی بچووکدا مەلە دەکا، تا ئەمڕۆ کە دەکاتە زیاتر لە ٦٠ ساڵ کار کردنی بێ پسانەوە، بەپێی پێویست نرخی نەزانراوە، نازانرێ ئەوە چ گەوهەرێکە لەناو هونەری کوردیدا هەڵکەوتووە، زۆر کەم لەسەر کار و بەرهەمەکانی نووسراوە، یان زۆر سەرپێی و کورت و ڕووکەشانە دیمانەی لەگەڵ کراوە، تەنانەت ژیاننامەکەشی کە لە چەند شوێنێکدا بڵاوکراوەتەوە، لە هەر جێیەک بە جۆرێکە و زانیارییەکان لە یەکدی جیاوازن.

* وەرنەگرتنی لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا، لە پاش تەواوکردنی خوێندنی ناوەندی بۆی بەخێر گەڕا، ئەو لەسەردانی بۆ بەغدا، لەبەر تەواونەبوونی ڕەگەزنامە عێراقییەکەی، فایلەکەیان لێ وەرنەگرتووە، ناچار بووە بگەڕێتەوە هەولێر و بچێتە ئامادەیی بخوێنێ، لەوێ بەسەرکەوتوویی ئەو قۆناغەی بڕیوە. لە کاتی پێشکەش کردنی داواکاری بۆ وەرگرتنی لە ئەکادیمیا، بەهۆی ئەو کارە هونەرییانەی لەگەڵ خۆی بردوونی، کاری دیکەشی کە بە سەرکەوتوویی لەپێش چاوی مامۆستاکانی کردوویەتی، لە تاقیکردنەوەی وەرگرتن نمرەی یەکەمیی بەدەستهێناوە، هەرچەندە بۆ وەرگرتنەکەی تەشقەڵەی پشتگیری ڕێکخراوەکانی سەر بە ڕژێمی لێ دەکەن، بەڵام ئاستە بەرزە هونەرییەکەی سەرنجی مامۆستایانی لیژنەی وەرگرتن ڕادەکێشێ، هەر ئەوەش فریای کەوتووە، لەو چوار ساڵەی خوێندنیشیدا قوتابییەکی سەرنجڕاکێش و لە هونەردا تاک و تایبەتمەند بووە. ساڵەکانی خوێندنی لە ئەکادیمیا زۆر چالاک بووە، لەگەڵ هاوڕێ قوتابییەکانی بەشداری لە دوو پێشانگەی هاوبەشدا کردووە، پێشانگەیەکی تایبەتیشی بۆ هێڵکارییەکانی خۆی کردووەتەوە کە نزیکەی (٤٠٠) هێڵکاری بوون و لە هۆڵی ئەکادیمیادا نمایش کراون، بۆیە لە دوا ساڵی خوێندنی ١٩٧٨- ١٩٧٩ بە یەکەمی بەشەکەیان دەردەچێ.

* وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی، ڕۆڵی بەرچاوی لە پێگەیاندنی قوتابیانی هونەر گێڕاوە، بۆیە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی پەیمانگەوە، لە ساڵی ١٩٨٠ دەچێتە سلێمانی، چونکە ئەوسا کردنەوەی پەیمانگە خەونی ئەو و سەدان هونەرمەندی کوردی هەموو بوارەکانی هونەر بوو، دوای (٦) ساڵ خزمەت کردن، دیسانەوە تەشقەڵەی پێ دەکەن و هەر ڕۆژەی بیانوویەکی پێ دەگرن، ئەو سەردەمە گوشار لەسەر هەموو هونەرمەندانی کورد هەبوو، ئەویش گوشاری زۆری لەسەر بووە، وەک هەموو هونەرمەندەکانی سلێمانی ڕژێم هەڵیانی دەپێچا و تەنگاویانی دەکرد، دەیویست بە چاو سوورکردنەوە و هەڕەشە لێ دەکردن وێنەی دیکتاتۆر بکێشن، لەو کاتەدا کە ئەوان داوا و داخوازییان لێی زۆر دەبێ، شەڕی (عێراق – ئێران)یش بووە، ئیتر بیر لە جێهشتنی وڵات دەکاتەوە و بەرەو ئێران، دواتر سوریا، دوایی بۆ بریتانیا دەڕوات.

* لە ١٩٨٩/٢/١١ گەیشتووەتە بەریتانیا و ماوەی نزیکەی (١٧) ساڵ لە لەندەن دەگیرسێتەوە، کە گەیشتووەتە ئەوێ پتر بە داهێنان و هونەر و ڕێبازەکانی لە بەریتانیا و وڵاتانی ئەوروپا ئاشنا دەبێ. زۆرجار ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەکرێتەوە کە ئەو چووەتە بریتانیا بۆچی ماستەرێک، دوکتۆرایەکی وەرنەگرتووە؟ ئەو دەڵێ لەبەر ناشارەزایی لە ژیانی ئەوێ، هەروەها لەبەر نەبوونی

و دەستکورتی نەیتوانیوە خۆی بۆ خوێندنی باڵا تەرخان بکات، زۆرجاریش پێیان گوتووە تۆ کە هونەرێکی ئاست بەرز و جوانت هەیە، ماستەرت بۆ چییە و بۆچی دەخوێنی؟ دیارە ئەویش ئەو قسەیەی دەوروبەرەکەی لە گوێ گرتووە و نەیخوێندووە، لە جیاتی بە دەستهێنانی بڕوانامە، بە گەرمی سەرقاڵی ئیشی خۆی بووە و هێڵکاری و مۆتیڤی زۆری کردووە، کە هونەری هێڵکاری بە ڕەگەزێکی بنەڕەتی هونەری وێنەکێشان دادەنرێ.

* هونەرمەند عەبدوڵڵا ڕەسووڵ کە زۆر زوو دەستی داوەتە کاری هونەری، قۆناغ بە قۆناغ بەرهەمە هونەرییە جۆراوجۆرەکانی کردووەتە پێشانگەی تایبەتی، یان لە پێشانگەی هاوبەشدا لەگەڵ هاوڕێ هونەرمەندەکانی بەشداری کردووە، کە ساڵی ١٩٧٥- ١٩٧٦ لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا وەردەگیرێ، ئەم خوێندنە بۆی دەبێتە وەرچەرخانێک و سەرلەبەری ژیانی هونەری دەگۆڕێ. هەر لە ساڵی ١٩٧٠ بە دواوە، زۆر پێشانگەی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات کردووەتەوە، کە (٦) دانەیان پێشانگەی تایبەتی، (١٤) دانەیان پێشانگەی هاوبەشن، لەو شارانەی پێشانگەی تایبەتی و هاوبەشی تێیاندا کردووەتەوە ئەمانەن: بەغدا، هەولێر، سلێمانی، دهۆک، کۆیە، کفری، مووسڵ، سوریا، لەندەن.

* لەگەڵ ئەو بەخششە زۆر و زەوەندەی هەیبووە، ئەو داهێنانە زۆرانەی لە کارەکانیدا بەدی دەکرێن، وێڕای ئەوەی ئەزموونێکی دەوڵەمەند و نوێ و بە بڕۆێن پێشکەش دەکات و هونەرەکەی کردووەتە مەسەلەیەکی زیندوو لە ژیانی خۆیدا، وەلێ کەمتر وەک هونەرمەندێکی گەورە و دڵسۆزی هونەر و داهێنان دەناسرێ، زۆر بە دەگمەن بەسەر کراوەتەوە و ڕێزی لێ گیراوە. زەینم دایتێ هەموو ئەوانەی لە کایەی ئەدەبیات و هونەری کوردیدا ڕێز لە خۆیان، لە داهێنان و هونەرەکەیان دەگرن، ئیش بۆ خۆیان ناکەن، ڕیکلام بۆ کارەکانیان ڕەت دەکەنەوە، زۆر خۆیان ناخەنە بەر ڕووناکی، ئەوانە کەمتر ڕووناکییان دەخرێتە سەر و دەردەکەون.

* من لەمێژە ئەو هونەرمەندە، چ وەک خۆی و چ وەک ئاشنابوون بە هونەرەکەی دەناسم، ساڵی ١٩٨٠ کە هاتە سلێمانی و وەک مامۆستا لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان دەست بەکار بوو، من و شێرزاد حەسەن دوو ساڵ زیاتر بوو لەوێ بووین، بۆیە کە لە سلێمانی گیرسایەوە، جاروبار یەکترمان دەبینی، هەندێ ئێوارە پێکەوە پیاسەیەکمان دەکرد. لەوەتەی دەیناسم هەر بە پیاوێکی جیددی دیومە و ناسیومە، قەت حەزی بە ڕیاکاری و موجامەلەی درۆ نەکردووە، لەلای هەموو کەس بە مرۆڤێکی ڕاشکاو و ڕاستگۆ ناسراوە، هونەرەکەی خۆی تا ڕادەی عیشق و تا سەر ئێسکان خۆشویستووە، پیاوێکی بە هەڵوێستە، مێژوویەکی گەش و جوان و پڕشنگداری بۆ خۆی تۆمار کردووە. تابلۆکانی لە واقیعی وڵات و میللەت و سروشتە جوانەکەی هەڵێنجاوە، زۆر سوودی لە کەلەپوور و فۆلکلۆری دەوڵەمەندی میللەتەکەی وەرگرتووە، بەڵام قەت بە زەقی لە کارەکانیدا داینەناون، بەڵکوو زیاتر وەک هێما و ڕەمز بەکار هێنراون.

(١٩) ساڵ بوو بە تەمای ئەو گفتوگۆیە بووین، دواجار بە چەند مانگێک و چەندان دانیشتنی دوورودرێژ هەڤپەیڤینەکەمان ساز کرد، بڕیارمان دا چەند بەشێکی لێ بڵاو بکەینەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە لە دووتوێی کتێبێکدا چاپی بکەین.. فەرموون ئێوە و جیهانە تایبەت و پاکەکەی هونەرمەند عەبدوڵڵا ڕەسووڵ.

**ڕامان:** ئیشکردنتان لەو ستۆدیۆیەدا سوودی چ بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** کەسمان لەو مەرسەمەدا کارمان نەدەکرد، بەڵام سوودی ئەوە بوو ئەگەر کەرستەیەک هەبوویێ بیبەم، یان کەلوپەلی خۆمی لێ دابنێم، ئەوە هاندەرێکی باش بوو، کەشێکی هونەری بۆمان دروست کردبوو، ئەوەش بووە هۆی کردنەوەی پێشانگەیەکی باش، لە ساڵی ١٩٧١، لە ڕێکەوتی ٦ی کانوون، بۆنەی جەژنی دامەزراندنی سوپای عێراق بوو، پێشانگەمان کردەوە، هەر لە هۆڵی قوتابخانەکە کردمانەوە، بە زەیتی، پاستیل و قەڵەم ئیشم کردبوو، ئەو پێشانگەیە کاریگەر بوو.

**ڕامان:** تۆ هەر سێ ساڵەکە لە ناوەندیی سەلاحەددین مایتەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، هەر لەوێ بووم.

**ڕامان:** هەر لە پۆلی یەکەوە، م. جەلیل مستەفات ناسی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** پۆلی یەک، یان دوو بووم، نازانم کەی هات، چونکە یەکەم جار (م. عەبدولواحید مەرجان)م دیت، بەڵام ئەو مامۆستایە نە هیچی کرد، نە دەوامی کرد، بۆیە هیچم لێ بەبیر نایە، زوو چووە چالاکیی قوتابخانەکان، کە م. جەلیل مستەفا هات، نازانم چ ساڵێک بوو، هاتنەکەی ئەوم بەبیر نایە، بەڵام لە پۆلی سێ جموجووڵەکە زیاتر بوو.

**ڕامان:** کە من قوتابی ناوەندیی سەلاحەددین بووم، م. جەلیل مستەفا برادۆستی زۆر جار لەسەر تەختە ڕەشەکە بە تەباشیر وێنەی دەکێشا، من ئەوەم لەبیرە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، بە تەباشیر هەندێ جار کاری دەکرد، قوتابی زۆر هان دەدا، قسەکانی خۆش بوون، بەڵام ڕەسمم لێ نەدی، وەک ڕەسمکردنی تابلۆ، جارێک ئیشێکیم لە پێشانگەیەک دی، ئەویش پێیان دەگوت پێشانگەی مامۆستایانی هونەر، ئەوانەی تێیدا بەشداربوون ئەو بوو، هەروەها م. سلێمان شاکر و م. حوسێن و م. زاهیرێک بوون.

**ڕامان:** م. حوسێن عەبدوڵڵا، بەڵام ناوی باوکی م. زاهیر چییە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** م. زاهیرێک بوو، دووکانی هەبوو.

**ڕامان:** نازانی باوکی ناوی چ بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نازانم، دووکانی خۆشنووسی و وێنەکێشانی هەبوو، چەند کەسێکی دیش وەکوو ئەو، دووکانیان هەبوو. م. جەلیل مستەفا لە پێشانگەکەی مامۆستایان تابلۆیەکی دانابوو، ئەوەندە باش نەبوو، بۆ خۆی شتێکی کردبوو، ئەوە تایبەت بە مامۆستایان بوو، نازانم ساڵی چەندیش بوو، لەوێ هەر ئەوەم لێ دی، بەڵام لە قوتابخانە ئەوە نەبوو بڵێی باسی بنەمای ڕەسم، یان هونەر و هونەرمەند بکا، تەنیا هانی دەدای، ئاسانکاری دەکرد، ئەوەش بۆ ئێمە زۆر باش بوو.

**ڕامان:** دیارە هەتا ئێرەت هێناوە، تووشی مامۆستایەکی هونەر نەبووی، ڕێنماییت بکا و سوودێکی باشی لێ وەربگری؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** زۆر کەم، من هەمیشە حەزم دەکرد مامۆستا لە خۆم باشتر بێ، تا سوودی لێ وەربگرم، بە داخەوە کەم مامۆستا لە خۆم باشتر بووە، لە کۆلێژیش هەندێک مامۆستا دەیانگوت تۆ لە ئێمە باشتری، بەڵام نەمدەتوانی بڵێم من لە فایق حەسەن باشتر بووم، ئەوانی دیکە لە من زاناتر بوون، شتیان دەزانی، بەڵام بە ئیش، ئیشەکانیان وا

نەبوون پێیان سەرسام بم، خالید جادریش هونەرمەندێکی باش بوو.

**ڕامان:** لەو پێشانگەیەدا بە چەند تابلۆ بەشدار بووی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** کارەکانی من زۆر بوون، لا دیوارێک تابلۆکانی من بوون، هەمووی پاستیل و هێڵکاری و ئاوی بوون.

**ڕامان:** تابلۆی زەیتی تێدا نەبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** سێ تابلۆی زەیتیشم کردبوو، لە هەر لادیوارێک، تابلۆیەکی زەیتی من داندرابوو، هەر لە خۆمەوە زەیتیم بەکار هێنابوو.

**ڕامان:** ئەو قوتابیانەی لەگەڵت بەشدار بوون، کێ و کێ بوون؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هەندێکیانم لەبیرە، یەکیان ناوی جەمشید بوو.

**ڕامان:** جەمشید کێ؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** جەمشید خۆشنووس بوو، دوایی خۆی کردە جەمشید خۆشناو، هەندێ جار سوعبەتی لەگەڵ دەکردم، دەیگوت باوەڕ دەکەی من خۆشناوم و فێری خۆشنووسی بووم، لە ڕووت نەبێ کوڕێکی زۆر باش بوو، جار جار ڕەسمیشی دەکرد، بەڵام فێری ڕەسم نەبوو، من هەندێ بنەمای خەت لەوەوە فێر بووم، خۆشنووسێکی باش بوو، دوای چەند ساڵێک دووکانێکی خۆشنووسی کردەوە، بەڵام قوتابخانەی بەجێ هێشت.

**ڕامان:** کێی دیکەت لەبیرە لەگەڵتان کاری هونەریی کردبێ؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** کەریم سابیر هەبوو، کۆچی دوایی کرد، ئەوە پاشی من بوو، پۆلی دوو بوو، ئەوەش حەزی لە ڕەسم دەکرد، کە لەگەڵ کارەکانی خۆم وێنەم گیراوە، لەکاتی



**٦ی کانوونی دووەمی ١٩٧١، هۆڵی قوتابخانەی ناوەندیی سەلاحەددین، لە لای چەپەوە: م. جەلیل مستەفا، پشتیوان عەبدولحەمید، سەلاح عەباس، ؟، ؟، کەریم سابیر، جەمشید خۆشنووس. لە لای ڕاست یەکەم کەس ئەوەی جلی کوردی لەبەرە: عەبدوڵڵا ڕەسووڵ.**

وێنەگرتنەکە وەستاوە و وێنەی لەگەڵ من هەیە. هەندێکی دیکە هەن، یەک لەوانە ناوی سەلاح عەباس بوو، لە پڕ بزر بوو، چەند کەسی دیمان لەگەڵ بوو، بەڵام ئەوانە تەنیا ئاسانکارییان بۆمان دەکرد، ڕەسم و ئەوانەیان نەدەزانی، لەگەڵ مامۆستا کە قسەی خۆش بوو، کۆدەبوونەوە و دادەنیشتن، لە کاتی کردنەوەی پێشانگەکان هاوکارمان بوون.

**ڕامان:** سەلاح عەباس لە سلێمانی دەژیا، خاوەنی ستۆدیۆی جان بوو، دووکانێکی بەرانبەر سەرای سلێمانی دانابوو.. هەر ئەوەندە کەسە بوون، یان هەر هەندەت لەبیر ماوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** پشتیوان عەبدولحەمید، برای سەردار و خوسرەو عەبدولحەمید بوو، کە لە ئێمە گچکەتر بوو، ئەوە لە هەموو ئەوانەی باسم کردن گچکەتر بوو، پۆلی یەک بوو، خۆی تێکەڵمان کرد و لەگەڵمان ڕەسمی دەکرد، بەڵام بەبیرم نایە چی کردووە، دواجار کەریم سابیر بووە وێنەکێش و مامۆستای ڕەسم، بەو دوا دواییە بە کۆرۆنا کۆچی دوایی کرد، کەسی دیم بەبیر نایە لەگەڵمان ڕەسمی کردبێ.

**ڕامان:** لەوە دەچێ هەندێ کەس تەنیا بە وێنەی فۆتۆگرافی کە بۆ یادگاریی وێنەیان لەگەڵتان گرتووە هەن، دەنا ئیشیان نەکردووە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ڕاستە، وێنەیەکمان گرت، زۆر کەس لێمان کۆبوونەوە، بۆخۆت دەزانی قوتابی زۆر لە دەوروبەری مامۆستا کۆدەبنەوە، ئەو کاتی ئەو کچەی (م. جەلیل مستەفا)یان لە باوەش گرتییە، لەوانەیە تەمەنی ساڵ و نیوێک بێ، باوەڕ ناکەم دوو ساڵ ببێ، وێنەکەمان ماوە. جارێک بە منیان گوت ئێستا ئەو کچە گەورە بووە و دوکتۆریشە، وا دێتەوە بیرم.

**ڕامان:** ئەی ئاستی پێشانگەکەتان چۆن بوو، بینەری هەبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەو پێشانگەیە باش بوو، زۆر لە هونەرمەندان هاتن، بەبیرم دێ دارا محەمەد عەلی هات، لە ئەدیبەکانی خۆمان، لەوانەیە عەباس عەبدوڵڵا یووسف هاتبێ.

**ڕامان:** دیارە لەمێژە عەباس عەبدوڵڵا یووسف دەناسی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لەمێژە دەیناسم، ئەوکاتە زۆر تێکەڵ بووین، زۆر یەکدیمان دەدیت، سدیق ڕەباتی کە دووکانێکی هەبوو، دووکانی خۆشنووسییەکەی بەرانبەر تەلاری جەلیل خەیات بوو، زۆر لەوێ دادەنیشتین و کۆدەبووینەوە و پێکەوە قسەمان دەکرد، چەند کەسێکی دیش بوون دەهاتنە ئەوێ، لەوانە: قەرەنی جەمیل، کەمال عەلی، جەمشید خۆشنووس و تاد.

**ڕامان:** دوای ئەو پێشانگەیە، پێشانگەی دیکەی بەدوادا نەهات؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ساڵانە لەلایەن پەروەردەوە پێشانگەی قوتابخانەکان دەکرانەوە، ئێمەش تێیاندا بەشدار دەبووین، ئاستی قوتابخانەکەمان زۆر باش بوو، زۆریشی لەبەر من بوو، زۆر ئیشم بڵاو دەکرایەوە، ئەو کاتە هەندێک لە برادەران هاتن بۆ پێشانگەکە، م. جەلیل مستەفا ڕێکخستنی پێشانگە و وەرگرتنی بیروڕای دەدایە دەست من، ئێمەش ئیشی خۆمان هەڵدەواسی، قوتابییەکان لە کاتی کردنەوەی پێشانگەکە، ئیشی ئێمەیان زۆر بەدڵ بوو.

**ڕامان:** کەسێک لە بارەی ئەو پێشانگەیەتانەوە هیچی نووسی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، بەڵام لە پەروەردەوە سپاس و پێزانینم بۆ هات، ئەو کاتی پۆلی سێ بووم، کەچی لە کۆلێژی هونەر خانەنشین بووم، بەو بۆنەیەوە سپاس و پێزانینم بۆ نەهات، ئەوجا بزانە بارودۆخی ئێستا چەند گۆڕاوە، ئێمە لەو بارەیەوە هیچ پێش نەکەوتووین.

**ڕامان:** ئەوکاتی بەڕێوەبەری پەروەردەی هەولێر کێ بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لەو کاتی من قوتابی بووم، لە پۆلی سێ بووم، بەبیرم نایە بەڕێوەبەرەکەی کێ بووە.

**ڕامان:** ئەوان خۆیان ئەو سپاس و پێزانینەیان بۆ ناردی، یان لەسەر داوای ئیدارەی قوتابخانەکەتان بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئاگام لە هیچ نەبوو، تەنیا ئەوەندە دەزانم نامەیەکی ڕەسمیم بۆ هات، کە تەماشام کرد، سپاس و پێزانین بوو.

**ڕامان:** سپاس و پێزانین تەنیا بۆ تۆ هاتبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** سپاسنامەکە تەنیا ناوی منی تێدا بوو.

**ڕامان:** بۆچی ناوی ئەوانی دیکەی تێدا نەبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نازانم، ناوی کەسی دیکەی تێدا نەبوو.

**ڕامان:** تۆ کەسێکی قایمکاری، لەوانەیە ئەو

سپاس و پێزانینەت مابێت؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ناوەڵڵا، نەمماوە، پاش ماوەیەکی دیکە لەوانەیە پێت بڵێم بۆچی نەماوە، من ڕێزی ئەم شتانەم نەدەزانی تا ئەرشیڤیان بکەم.

**ڕامان:** باشە ئەوە تۆ دەرفەتێکت بۆ ڕەخساو لە پێشانگە بەشدار بووی، ئەی لە ماڵەوە کە دەڵێی شوێنێکی تایبەتیت نەبووە، چۆن ئیشت کردووە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هەر لە ژووری ماڵەوە ئیشم دەکرد، لە قوتابخانە و مەرسەم کارم نەدەکرد، بەڵام هاندەر بوو، دەلاقەیەکیان دابوومێ، لە ژوورەکە دوو باوڵی زەمانی دایک و باوکم، کە دایکم دەیگوت هی زەمانی بووکێنم بووە، ئەوەیان دابووە من.

**ڕامان:** باوڵی تەنەکە بوون؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، ئێستایش ماومن، زۆر کۆن بوون، حەزم لێ دەکردن، کەلوپەلی دایک و باوکمی تێدا بوو، کە تۆزێک گەورە بووم، ئەوانەیان دایە من، کتێب و کەلوپەلەکانی خۆم لەناو دادەنان، ئەو دەلاقەیەش هی من بوو.

**ڕامان:** لەبیرمە باوڵەکان ڕەنگاوڕەنگ بوون، کەسک، سوور، قاوەیی، شین بوون، قفڵیش دەدران.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ڕاستە، قفڵیش دەکران، ئەو باوڵانە زۆر قایم بوون، یەکێکیان شینە، یەکێکیان قاوەییەکی سوورە، دوو باوڵەکەم، دوو جۆرن، سوورەکەیان تۆزێک گچکەیە، ئەوی دی گەورەترە، لەبەر ئەوەی خۆشیان دەویستم، کە زانییان گەورەتر بووم و وریام، ئەوانەیان دایە من.

**من هەمیشە حەزم دەکرد لە ڕەسم کردندا مامۆستا لەمن باشتر بێ تا سوودی لێ وەربگرم.**

**ڕامان:** لە سلێمانی سندووقێک هەیە پێی دەڵێن هەشتەرخان، هەشتەرخان لە چەرم دروست کراوە، دەڵێن بازرگانەکانی سلێمانی لە سەرەتای سەدەی ڕابوردوودا، لە ڕووسیای ئەو زەمانە هێناویانەتە شارەکە، هەر ئافرەتێک شووی کردووە، جیازی بووکێنی خۆی تێ کردووە و لەگەڵ خۆی بردوویەتییە ماڵە نوێیەکەی.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هی دایک و باوکم سەبەتەیەک و ئەو دوو باوڵە بوون، ئەوانە لە کاتی گواستنەوەی بووک هەبوون، ئیتر لە ماڵەوە دەلاقەیەکیان دایە من، کتێب و کەلوپەلی من لەو دەلاقەیەدا بوون، لەپشت سەرم بوون، جاری واش هەبوو بەهۆی کردنەوە و داخستنیان دایک و باوکم بێزار دەکردن. ساڵی ١٩٦٦ و ١٩٦٧ ئێمە هێشتا کارەبامان نەبوو، هەر فانووسمان هەبوو، شەوان تا درەنگ بە دیارییەوە دادەنیشتم، ئێستاش حەز دەکەم تا درەنگ نەخەوم، بەڵام وەک جاران نیم. لە خوێندنیش شەوانم زۆر پێ خۆش بوو بمێنمەوە، کە دنیا کپ دەبێ، کە هیچ نامینێ، جەمە خواردن و ئەرک نامینێ و ناچیتە دەرێ، ئەوجا کاری زۆرم دەکرد، مێشکیشم وەری دەگرت.

**ڕامان:** بۆ خوێندن و کاری هونەرییش شەوان درەنگ دەخەوتی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بۆ خوێندنیش وا بووم، هەر دەمخوێندەوە، درەنگانی شەو کتێبەکەم دادەخست و دەنووستم، سبەینێ هەموویم لەبیر بوو، مەرج نییە هەمووی، بەڵام زۆربەیم لەبیر بوو، تەنانەت لە تاقیکردنەوەی شەشی ئامادەییش ئاوا بووم، جاری وا هەبوو ئێواران

دەچوومە چایخانە، دە و نیو، یازدە، دوازدە دەچوومەوە ماڵێ، ئەوجا دەمخوێند، شەوی کاتی تاقیکردنەوەش هەر وا بووم.

**ڕامان:** بە زۆری لە کام چایخانە دادەنیشتی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بە ڕۆژ دەچوومە چایخانەی مەچکۆ، شەوان لە چایخانەکانی تەیراوا، لە چایخانە میللییەکان دادەنیشتم.

**ڕامان:** لە چایخانەکانی لای باخچەی کورد و عەرەب و ئەو ناوە دادەنیشتی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، بەڵام نەدەچوومە ئەوێ، هی نزیکتر هەبوو. ئەو کاتی زۆر لەمێژ نەبوو تەلەڤزیۆن هاتبوو، کە تۆپانێ (فۆتبۆڵێن) دەبوو دەچووینە دەرێ، چونکە ئێواران ماڵ قەرەباڵغە، میوان دێ و میوان دەڕوا، خوێندن و ئیشی وردەکاری نەدەکرا، منیش ئەوە نەبوو ژووری خۆم هەبێ، ئەو کاتەی کولێژم تەواو کرد، خۆم بۆ ژوورێک هەوڵم دا، هەر لە هەمان خانوو، ژوورێکی گچکەم دروست کرد.

**ڕامان:** لە قۆناغی ناوەندی، تەنیا ڕاگوزار و سەرپێیانە ڕێکەوتی (م. عەبدولواحید مەرجان) ت کردووە، دواتر م. جەلیل مستەفا وانەی هونەری پێتان گوتووە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، م. عەبدولواحید مەرجان زۆر زوو ڕۆیی، لەگەڵ یەکدی نەبووینە برادەر، بەڵام ئەویشم بەبیر دێ، ڕۆیی و بە باشی یەکترمان نەناسی، هەرچەندە دەمزانی ئەو حەزی لە مۆسیقا دەکرد و مامۆستای ڕەسم بوو، بەڵام لەگەڵ م. جەلیل مستەفا زۆرتر تێکەڵ بووین، تا ئەم دواییەش کە دەمبینی مەرحەبامان هەبوو و پێکەوە قسەمان دەکرد.

**ڕامان:** م. جەلیل مستەفا پیاوێکی زۆر کراوە بوو، دەست و دڵی زۆر باش بوو، من لەبیرمە



**٦ی کانوونی دووەمی ١٩٧١، هۆڵی قوتابخانەی ناوەندیی سەلاحەددین، تابلۆکان هەمووی دەسکردی عەبدوڵڵا ڕەسووڵن، خۆشنووسییەکان: جەمشید خۆشنووس. لە ناوەڕاست ئەوەی دەستی بەرزکردووەتەوە: عەبدوڵڵا ڕەسووڵ.**

لەناو پۆل زوو زوو دەیگوت کێ لە ماڵەوە هەژار و دەستکورتە، یان کەموکورتی هەیە، پێم بڵێ. دەیگوت خۆم و خێزانم مامۆستاین، پارەکەی وەری دەگرین زۆرە، پارەمان لێ زیادە و لە سەرێ تا خوارێ لێمان دەڕژێ.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** قسەی خۆش بوو، پیاوێکی باش و بە زەوق بوو، من ساڵی ١٩٩٣ش کە لە دەرێ هاتمەوە، لە چایخانەیەک کە بەرانبەر قەڵات بوو دیتم، پێکەوە زۆر قسەمان کرد، پێی گوتم تۆ چۆن دوکتۆرات وەرنەگرتووە، چۆن ماستەرت نییە؟ منیش پێم گوت مامۆستا ئێستا وازم لە بڕوانامە وەرگرتن هێناوە، ئیدی بڕوام بە بڕوانامە نەما، یەکەم جار هەوڵم بۆی دا، بەڵام ئێستا بڕوام پێی نەما، هەر قسەمان دەکرد، دەیزانی من ڕەسم کردووە و باش بووم، ئیشەکانی منی زۆر پێ باش بوو.

**ڕامان:** لەو وێستگانەی پێشتر قسەمان لە بارەیانەوە کرد، هیچ قسەیەکی دیکەت بەبیر هاتووەتەوە بگەڕێینەوە سەری؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەو بابەتەی پێشتر گوتم لە ساڵی حەفتا لە سیاسەت ئیشم کرد، م.

حوسێن عەبدوڵـڵا، مامۆسـتا بـوو، مـن پۆلـی سـێ بـووم، ئێمـە لـە یـەک شـانەی حزبـی بووین.

**ڕامان:** لـە یـەک شـانەی پارتـی بـوون و پێکـەوە ئیشـتان دەکرد؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** ئەرێوەڵـڵا، لـە ماڵـی ئەوانیش کۆبوونەوەیەکمـان کرد.

**ڕامان:** کێ بەرپرسی حزبیتان بوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** مامـم بەرپرسـمان بـوو، بـەڵام یەکێکـی دیکـە هەبـوو، لـە مامـم گەورەتـر بـوو، نـاوی قانیـع ئیسـماعیل بـوو، کـە ئێسـتا نەمـاوە، منیـش بەرپرسـی شـانەیەک بـووم، ڕۆژێک زانیـم گوتبوویـان چـۆن دەبـێ ئـەو بەرپرسـی ئێمە بێـت و تەمەنـی لـە ئێمـەش بچووکتـرە. وەڵامیـان دابوونـەوە و پێیـان گوتبـوون ئـەوە زیرەکـە، خـۆ بـە تەمـەن نییـە، لەمێـژە لەگەڵمانـە.

**ڕامان:** قانیع ئیسماعیل خەڵکی هەولێر بوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** بەڵـێ، خەڵکـی تەیـراواش بـوو، کەسـێکی ناسـراو بـوو، دوایـی خـوارزای م. حوسـێن عەبدوڵـڵای هێنـا، ئـەوەم گـوێ لـێ دەبـوو، چونکـە مامـم و خزمـەکان و برادەرەکانـی تێکەڵـی داخـوازی و ئـەو بابەتانـە بـوون، بـەڵام زۆری نەکێشـا جوایـەز بوونـەوە.

**ڕامـان:** گوتـت لـە پارتایەتـی قانیـع ئیسـماعیل لـە مامـت لەسـەرتر بـوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** بەڵـێ، لەبـەر ئـەوەی خوێنـدەواری هەبـوو، لـە ئامادەیـی خوێندنـی بەجـێ هێشـتبوو، مامـم ئەوەنـدە خوێنـدەواری نەبـوو، بەڵام لـە پارتایەتـی و ڕێکخسـتن و حیزبایەتـی کۆنتـر بوو، هەرچـی ئەوانـە بـوون، لەبـەر ئـەوەی خوێنـدەوار و گەنجتـر بـوون، بـە پێـش دەکەوتـن، خوێندەوارییـان باشـتر بـوو.

**ڕامـان:** گوتـت لەگـەڵ م. حوسـێن عەبدوڵـڵای هونەرمەنـد کۆبوونەوەتـان دەکـرد، لـە کـوێ کۆدەبوونـەوە؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** بەبیـرم دێ چووینـە ماڵیـان کۆبوونەوەمـان کـرد، عوودێکـی لـەلا بـوو، گوتیـان هەندێـک عوودمـان بـۆ لێـدە. گوتـی مـن جـارێ فێـر نەبوویمـە و تـازە خەریکـە ڕاهێنـان دەکـەم. وەزارەتـی ڕۆشـنبیری کتێبێکیـان لەسـەر ژیانـی م. حوسـێن عەبدوڵـڵا دەرکـرد.

**ڕامـان:** کتێبەکـەم دیـوە، کۆمەڵێـک تابلۆشـی تێدایـە، مـن پێـش مردنـی گفتوگۆیەکـی باشـم لەگـەڵ کـرد، لـە گۆڤـاری ڕامـان بـڵاوم کـردەوە.

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** ئـەو کتێبـە پێشـەکییەکەم بـۆ نووسـیوە، لـە پێشـەکییەکەدا باسـی سیاسـەتم نەکـردووە، ئـەوە یەکـەم جـارە لـەلای تـۆ ئـەو قسـانە بـاس دەکـەم، مـن زۆر شـت هەیـە تـا ئێسـتا باسـم نەکـردووە، دەرفـەت نەبـووە باسـیان بکـەم.

**ڕامـان:** ئێسـتا دەرفەتێکـی باشـە، هەمـوو ئـەو شـتانەی لـە ژیانتـدا باسـت نەکـردووە، باسـیان بکـە، هەتـا ئێسـتا باشـمان هێنـاوە.

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** ئەگـەر گونجـاو بـێ و سـوودی گشـتی هەبـێ، هەمـووی بـاس دەکـەم، نـەک هـەر باسـی ژیانـی خـۆم بکـەم، کـە دێمـە پۆلـی سـێ، ئیـش کردنـم زۆر جیددیتـر دەبـێ، لـە جـاران شـارەزاتر دەبـم، پێـش پۆلـی سـێ، لەگـەڵ قەرەنـی جەمیـل یەکترمـان ناسـی، سـاڵی ١٩٦٨، یـان ١٩٦٩ بـوو.

**ڕامـان:** لـە کـوێ یەکـەم جـار هونەرمەنـد (قەرەنـی جەمیـل)ت ناسـی، چۆنـت ناسـی؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** یەکـەم جـار لـە سـینەما سـیروان ناسـیم، ئاخـر ئـەو دوو سـاڵ لـە مـن گچکەتـرە، ئـەوەی بـاش دێتـە بیـرم، لـە سـینەما سـیروان دانیشـتبووم، زۆر کاغـەز و کەرسـتەی ڕەسـمم پـێ بـوو، بـە تایبەتـی لـەو کاتانـەی کـە بوومـە پۆلـی دووی ناوەنـدی، سـاڵی ١٩٦٨

بەرەو سەرەوەیە، هەمیشە کاغەز و دەفتەرم هەڵدەگرت، مەبەستم لە دەفتەری هێڵکارییە.

**ڕامان:** منیش لەوەتەی دەتبینم، لەبیرمە جانتایەک لە بن هەنگڵت بووە، تۆم بەبێ جانتا نەدیوە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لە کۆڵانی خۆمان پەلاریان لێ دابووم، بە دایکمیان گوتبوو ئەرێ ئەو کوڕەت هەموو کات شتێکی پێیە، فایلێک لەبن دەستێتی، ئەوە چییە پێی! ئەویش گوتبووی ئەوە ڕەسم و شتی وا دەکات. ژنێک گوتبووی ئەوە بۆ هەموو جێیەک ئەو جانتایە لەگەڵ خۆی دەبا؟ دایکم بە مەبەست قسەکەی بە پێکەنین و بە زمانی خەڵک بۆ دەگێڕامەوە، توانجی ئەوانی بە من دەگوت.

**ڕامان:** زۆر سەردانی سینەمات دەکرد، لەوێش هەر خەریکی ڕەسم بووی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لە سینەما سیروان، لە چلی دانیشتبووم، کاغەزم دەرهێنابوو و ڕەسمم دەکرد، لە پشتمەوە هەندێک پێکەنین و دەنگەدەنگ دروست بوو، دیار بوو خەڵکێک لە پشتمەوە بوون، کە ئاوڕم دایەوە، دیار بوو یەکێکیان لە خوێندنی سەرەتایی منی دەناسی، ناوی سلێمان بوو، لە لای قەبرستانەکەی ناو تەیراوا، هەندێک بازاڕی لێیە، ئەوێ قەبرستانە، مەرقەدەکەی شێخ مەلاڕەشید لەوێیە، ماڵی قەرەنی جەمیل بەرانبەر ئەوێ بوو، کوڕەکەش کە لە سەرەتایی لەگەڵم بوو، هەر لەو کۆڵانە بوو، ماڵی (کەریم دەشتی)یش هەر لەو دەوروبەرە بوو، پشتیان پێکەوە بوو، زۆریان لەو ناوە بوون، وا بزانم (کەریم سۆفی) ش لەو ناوە بوو

**هونەرمەند حوسێن عەبدوڵڵا مامۆستا بوو، من قوتابی پۆلی سێ بووم، لە یەک شانەی حزبی بووین، جارێک لە ماڵی ئەوان کۆبوونەوەیەکمان کرد.**

**ڕامان:** مەبەستت لەو گێڕانەوەیە چ بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** مەبەستم ئەوەیە لە هەر شوێنێک بگونجابا سکێچم دەکرد، ئەوجا کە ئاوڕم دایەوە و قسەمان کرد و پێکەنین، گوتیان ئەوە برای ڕەسامە، مەبەستیان (بەهرام)ی برای قەرەنی جەمیل بوو، کە لە من گەورەتر بوو، ئەو ڕەسمی دەکرد، دوایی باشتر یەکترمان ناسی، قسەمان لەگەڵ یەکدی کرد، گوتیان ئەوە ڕەسم دەکات و حەزی لە ڕەسمە، باوکیشم، باوکی ئەوی دەناسی، باپیریشم باپیری ئەوی ناسیبوو، لە تەیراوا ئەوانە یەکتریان دەناسی، ئێمە ئەوەمان نەدەزانی، هێشتان ئەوەندە شارەزا نەبووم.

**ڕامان:** کەواتە لە سینەما (قەرەنی جەمیل)ت ناسی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، کە دیتم قسەمان کرد و گوتی من ڕەسم دەکەم و برام ڕەسم دەکا، ئەوکات براکەی لە خۆی باشتر بوو، بانگم کرد بۆ کتێبخانەی گشتی، ئەوەی ئێستا لەناو ئەنجوومەنی وەزیرانە، چونکە لە ماڵی خۆمان جێی دانیشتن و قسەمان نەبوو، لەوێ چەندان نووسین و وێنەی تابلۆکان کە لە گۆڤارەکان وەرم گرتبوون و کۆمکردبوونەوە پێشانم دا، ئەوکات من بابەتی هونەریم لە گۆڤاران دەردەهێنا، دوایی فێر بووم کە گۆڤارێکم دەکڕی، تێلەکەیم لێ دەکردەوە، لایە هونەرییەکەم دەردەهێنا، پێکەوەم دادەنان و دەمخوێندنەوە، ئەگەر باش بوونایە، لەلای خۆم دەمهێشتنەوە.

**ڕامان:** ئەو گۆڤارانە ناویان چ بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ناویان گۆڤاری الهلال، الاتحاد السوفیتي، المدار، الف باء، ئێستا

هەموویم بەبیر نایەت، ئەوەندە بابەتی باشیان تێدایە، دڵم نایە بیانفەوتێنم، بەتایبەت گۆڤاری (الهلال)م بە بەرگ کراوی ماوە، کەریم سۆفی بەرگی بۆ تێگرتم، تەنیا بابەتە هونەرییەکان، لەوانەیە هی حەفتا هەشتا ژمارە بن، ئەوانەم زۆر بوو، خڕم کردبوونەوە.

**ڕامان:** بێجگە لەو گۆڤارانە چی ترت هەبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** کتێب و گۆڤاری سۆڤیەتی و ئەوانەم هەبوو، لە کتێبخانە پێشانم دا. هەموو جاریٚ بۆخۆشی دەیگوت، چۆن یەکەم جار ئەوەت پێشانی من دا! ئێمە وا بووین، ئەو کاتی دڵمان پاک بوو، حساباتمان نەدەکرد، دەمانویست هەر شتێک بزانین بە هەموو کەسێکی بڵێین، ئەویش وابوو. لەو پێشانگەیەی پەروەردەش بەشدار بووم، ئەوەی کە پۆلی سیٚ بووم کرا، ئاخر من لە پۆلی سیٚ ساڵێک مامەوە.

**ڕامان:** بۆچی ئەو ساڵە مایتەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** دەرسێکم مابووەوە، وا بزانم ئینگلیزی بوو، هاوین بوو ئیشم دەکرد، وەستایەکان برادەری باوکم بوون، هاوینان زوو دەیانگوت ئەوە هاوینە، دە وەرە وەرە ئیشێکمان هەیە، ئیشەکەمان ئاسانە، لە کاتی ئیش هەر دەیانگوت قەیناکا، جاریٚ زووە ئیشمان ماوە، با ئەو حەفتەیەش ئیش بکەین، دواجار پێڕانەگەیشتم و پێم نەخوێندرا، بۆیە مامەوە و لە سیٚ بوومە ساڵی دووەم، (قەرەنی جەمیل) یش گەیشتە من، ئەو ساڵە بووە ساڵی خوێندنی ١٩٧٠- ١٩٧١ پۆلی سیٚ بووین.

**ڕامان:** دیارە (قەرەنی جەمیل)یش لە سیٚ بووە و ئێوە لە یەکتری نزیک بوون؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵیٚ، زۆر لە یەکەوە نزیک بووین، پێکەوە ڕەسممان دەکرد و هەندیٚ جار دەچووینە دەریٚ، ئیدی خۆمان ئامادە کرد سیٚ تەواو بکەین و بچینە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا، کە پۆلی سێیەکەمان تەواو کرد، ڕاهێنانی زۆرمان کردبوو، هەندێک برادەری دیکەشمان هەبوو، ئەوانیش دەهاتن، لەوانەیە ئەوکاتە (نامیق عەلی قادر)مان ناسیبیٚ، دوایی حەمید جەمال، فەیسڵ عوسمان، کەمال عەلی کە ئەوەیان ئێستا لە سویدە، ئەویش زۆر دەهات لەگەڵمان ڕەسمی دەکرد.

**ڕامان:** لە کویٚ ڕسمتان دەکرد، هەمووتان لە چ مەرسەمێک کۆدەبوونەوە و ڕەسمتان دەکرد؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** من لە ناوەندیی سەلاحەددین بووم، ئەوان قوتابخانە و مامۆستاشیان جیاواز بوو.

**ڕامان:** مامۆستای ئەوان کیٚ بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەوەم بەبیر نایە، بەڵام بەبیرم دیٚ لە پێشانگەی پەروەردەوە هات، قەرەنی جەمیل بۆخۆی گوتی، مامۆستاکەمان دەڵیٚ ئەوان لە ئێمە باشترن. ڕەسمی مۆنالیزام کردبوو، هەنگینیٚ زۆر باسم دەکرا، من ساڵی دووەم کە پۆلی سێم لە ١٩٧١ تەواو کرد، ئەویش سێی تەواو کرد.

**ڕامان:** گوتت خۆمان ئامادە دەکرد بچین بۆ پەیمانگەی هونەرە جوانەکان.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵیٚ، دیسان دوا کەوتم، ئەوجارەش ئیشم دەکرد، باوکم حەزی نەدەکرد بچمە بەغدا، ئەو حەزی دەکرد زوو دامەزرێم و مووچە وەرگرم، دەیگوت ئەوە خوێندت، ئێستا تۆ پۆلی سێت تەواو کرد، دەتوانی ببیتە مفەوەز و شتی وا، منیش گوێم بەو قسانە نەدەدا، هەر وەریشم نەدەگرت.

**ڕامان:** بیرکردنەوەت زۆر لەوان جیاوازتر بووە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەوان حەزیان دەکرد زوو بگەمە نانێک، ئیدی بەهۆی ئەوەی کرێکاریم

دەکرد دواکەوتم، دەبووایە ڕەگەزنامەی عێراقی دەربهێنم، تا من دەستم بە موعامەلات کرد، قەرەنی جەمیل ئامادە بوو بڕواتە بەغدا، گوتم تۆ بڕۆ نەوەک دوا بکەوی، ئەو ڕۆیی، کتێبێکی زۆر گچکەم لەسەر «الفن الحديث» هەبوو، ئەویشم دایێ کە لە بن دیواری قەڵاتێ لە دووکانێک کڕیبووم، هێڵکارییەکی ڕامبرانتی لەسەر بوو.

**ڕامان:** دەزانی کێ ئەو کتێبەی نووسیبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نازانم، بە زمانی عەرەبی بوو.

**ڕامان:** ئەو نامیلکەیەم دیوە، پێم وایە نووسەرەکەی میسری بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، لەوانەیە، کتێبێکی زۆر گرنگ نەبوو، بەکورتی سەبارەت بە ژیانی هەندێک لە هونەرمەندان بوو، ئەو کاتی بۆ ئێمە زۆر باش بوو، پێمان خۆش بوو، پێم گوت ئەو کتێبەش ببە، بۆ چاوپێکەوتن باشە.

**ڕامان:** قەرەنی جەمیل چووە بەغدا لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان وەربگیرێ؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، بەتەما بووین پێکەوە بچین، بەڵام لەبەر تەواو نەبوونی ڕەگەزنامەکەم نەمتوانی، دوایی کە مەعامەلەکەم بردە بەغدا، کاتەکەی درەنگ بووبوو، کە چووم ١٤، یان ١٥ی مانگی ئەیلوول بوو، کە گەیشتم چووم ڕەگەزنامەکەم تەواو بکەم و پێشکەشی پەیمانگەی بکەم، مەعامەلەکەم تەگەرەی تێ کەوت، بۆیە زۆر دواکەوت، چونکە باپیرم، باوکی باوکم، تەسکەرەی ساڵی ١٩٣٠ی عەلیاوای هەبوو، عەلیاوای نزیک کۆیە، تۆماری تەسکەرەی لە کۆیە بوو، دەبوایە بچینە کۆیە، بۆیە مەعامەلەکە دواکەوت، بەبیرم دێ لە هەولێر یەکێک سەر بە بنەماڵەی (قۆجە) کان بوو، ئەوە ناومی بەهەڵە نووسیبوو، ناوی باپیرمی لە وەرەقەیەک نووسیبوو زیندووە، لە وەرەقەیەکیش نووسیبووی مردووە، لە بەغدا گوتیان چۆن دەبێ باپیرت لێرە ئاوایە و لێرە ئەوهایە، ئەوە هەڵەیە.

**ڕامان:** جاران ڕەگەزنامەیان لەسەر ڕەگەزنامەی یەکێک لە ئەندامانی خێزان، یان خاڵ و مام دەردەهێنا، تۆ ڕەگەزنامەکەی خۆت لەسەر کێ دەرهێنا؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** من ڕەگەزنامەی عێراقیم لەسەر ئەوەی مامم دەرهێنا، مامیشم هی خۆی نەدادەمێ نەوەک بزری بکەم، لە بەغدا چەند گەڕان نەیانتوانی ژمارەی ناوی ئەو بزانن، تەنانەت زۆر (تۆمار- سجل)یان دامێ، تۆمارە گەورەکان کە هی دایرەی تەسکەرەی بەغدایە، ئەوەی ناوی بە عەین دەست پێ دەکا، ئەوە بوو، هەوڵمان دا عومەر کە ناوی ماممە بدۆزینەوە، منیش نە عەرەبیم زۆر باش بوو، نە لە ژیانمدا بەغدام دیوە، نە بە عەرەبی قسەم کردووە، کە چوومە ناو ئەو کێشەیەوە، پەیمانگەش دوا ڕۆژی وەرگرتنیەتی و دادەخرێ، ناوی ئەومان نەدۆزییەوە، بەبیرم دێ یەکێک هات ناوی عەقید سەبری سەعید بوو، زۆر یارمەتی دام، قسەی باشی کرد و بەرگری لێم دەکرد.

**ڕامان:** یارمەتیدانەکەی چۆن بوو، چی بۆ کردی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** خۆی لە کارمەندەکانی ئەوێ تووڕە کرد، گوتی زوو بۆی چاک بکەن، ئەوە لە هەولێرەوە هاتووە و دەبێ بخوێنێ، گەڕان گەڕان هیچیان پێ نەکرا. گوتی باشە ئەو وەرەقەیەی بدەنێ، شتێک هەبوو پێیان دەگوت بەدەل، وەرەقەیەکیان بۆ نووسیم، مەعامەلات نییە، پشتیوانی و قبووڵ کردنی

مەعامەلاتــە تــا ڕەگەزنامەکــە تــەواو دەکــرێ.

**ڕامــان:** ئەوجــا ئــەو وەرەقەیــە لــە پەیمانگــە خــواردی؟

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** مــن بەغــار تەکســیم گــرت و چوومــە پەیمانگــە، هەنگێ پەیمانگــەی هونــەرە جوانــەکان لــە وەزیرییــە، لــە گۆڕەپانــی کەشــافە بــوو، بیناکــەی کــۆن بــوو، باخچەیــەک بــوو، بــە دڵخۆشــییەوە چــووم، گوایــە وەرەقــەی پشــتگیریم هێنــاوە، فایلەکــەم دایــە دەســت فەرمانبەرێــک کــە لــەوێ بــوو، هاوینــان مامۆســتای لــێ نییــە دەرس بڵێتــەوە، تەماشــایەکی کــرد گوتــی باشــە. منیــش گوتــم عارەقــەم کــردووە تــا ئەوەیــان داومەتــێ! دەمودەســت تەماشــای کــرد و گوتــی ئــەوە چییــە، ئــەوە تــەواو نییــە، بەحســاب مــن ئیشــەکانم تــەواو کــردووە، گوتــم تەنیــا ئەوراقەکانــم لــێ وەرگــرن.

**ڕامــان:** ئــەوە ســاڵی چەنــد بــوو کــە دەڵێــی منــداڵ بــووم؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ١٦ی ئەیلوولی ١٩٧١ بوو.

**ڕامان:** کە ئەوراقت بۆیان برد دیسان دواکەوتبووی، خۆ دەکرا چەند ڕۆژێک زووتر ئەو کارانە بکەی؟

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** دوا ڕۆژی وەرگرتنــی ئەوراقەکان بــوو، ئەگــەر وەریانگرتبــا ئیشــەکەم دەبــوو، لێــی وەرگرتــم، بــەڵام کــە خوێندییــەوە گوتــی ئــەوە چییــە، تــۆ ڕەگەزنامەکــەت تــەواو نەکــردووە. گوتــم ئــەو پشــتگیرییەیان داومەتــێ تــا دەچمــە هەولێــر و دێمــەوە.

**ڕامــان:** بەلاتــەوە تــەواو نەکردنــی موعامەلاتــی ڕەگەزنامەکــەت گرنــگ نەبــووە؟

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** نــا، خۆی هەڵەکــە زۆر گرنگ نەبــوو، چاکــم دەکــرد و بۆیانــم دەبــرد. هەڵەیەکیان کردبــوو، ئێســتاش بەبیــرم دێ کــێ هەڵەکــەی کردبــوو، ئــەو فەرمانبــەرە کارمەندێکــی نفــووس بــوو لــە هەولێــر، بــە تووڕەیــی ئیشــەکەی کــرد، ئــەوە بــوو فەرمانبەرەکــەی پەیمانگــە لــە بەغــدا ڕاســت فڕێــی دایــە پێشــم و گوتــی نابــێ، بــۆ مــن زۆر ناخــۆش بــوو، مــن نەڕۆیشــتم، هــەر لــەو نــاوە مامــەوە، کەســیش نەبــوو قســەی لەگــەڵ بکــەم، نەمدەزانــی بــە کــێ بڵێــم، کــەس نەبــوو بیناســم و بڵــێ قەینــاکا و بــۆی بڕوێنــن، نەختێــک گــەڕام و سووڕامەوە، هاتمــەوە پێــم گــوت چــۆن بــڕۆم؟ بــە عەرەبــی گوتــی بــڕۆ نییــە، زۆر تــووڕە بــوو.

**ڕامــان:** کــە تــووڕە بــوو و ئیشــەکەی نەڕوانــد، کاردانــەوەت چ بــوو؟

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** چــارەم نەمــا، چوومــە باخچەکەی پەیمانگە، دوو هێڵکاریم کرد، ئێســتاش ئیشــەکانم مــاون، دوو پەیکــەر لــەوێ بــوون، منیش دوو هێڵکاریــم کــرد، فەڕاشــەکە هــات گوتــی ئــەوە تــۆ لێــرە چــی دەکــەی، نازانــی دەوام نییــە؟ گوتــم ئێســتا دەڕۆم ئــەو هێڵکارییــە تــەواو دەکــەم، زۆرم پــێ خــۆش بــوو، هێڵکارییەکانــم کــرد و هاتمــەوە هەولێــر، کــە هاتمــەوە دڵــم تەنــگ بــوو، بــۆ مــن زۆر ناخــۆش بــوو، نەمدەزانــی چ بکــەم، تووشــی سەرســووڕمان بووبــووم، تاقەتــی ئــەوەم نەبــوو بچمــە ئامادەیــی. کاتەکــەی زۆر درەنــگ بــوو، بــوو بــە مانگــی یــازدە، گوتیــان چــارە نییــە بچــۆرە ئامادەیــی، چوومــە ئامادەیــی ئەربیــل، هــەر لــە بینایــەی ناوەندیــی ســەلاحەددین بــوو.

**ڕامــان:** بــەو درەنگییــە کــە چــووی چییــان پــێ گوتــی، ئەوانیــش ســەرودڵیان نەگرتــی؟

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** چــووم گوتیــان درەنگــە، بەڕێوەبەرەکــە گوتــی زۆر درەنگ هاتووی، ئەوە مانگی یازدەیــە، چــۆن دەبــێ ئێســتا بێــی؟ منیــش تــووڕە بــووم و قســەم کــرد، وەک مەســەلەی وەرگرتنەکــەم لــە پۆلــی یەکــی ســەرەتایی. گوتــم ئێمــە ماڵمــان لێرانەیــە، بــۆ خوێنــدن بچمــە کــوێ؟ هــەر بۆخــۆم تــووڕە بــووم کــە لــە پەیمانگــە وەرنەگیرابــووم، لــە

هەموو شتێک تووڕە بووم. گوتی بڕۆ جێگامان نییە.

**ڕامان:** لە بەغدا وەرنەگیرێی، لە ئامادەیی وەرنەگیرێی، دۆخێکی ناخۆشە تێی کەوتووی.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** کە لەلای بەڕێوەبەر هاتمە دەرێ، برادەران منیان دەناسی، یەکێتیی قوتابیان بوون، یەکێکیان ناوی عومەر مستەفا، خەڵکی تەیراوا بوو، ماڵی ئێمەی دەناسی. گوتیان وەرە ئێمە بارودۆخی تۆ دەزانین، چوونە لای بەڕێوەبەر، دیار بوو بەڕێوەبەر گوتبووی قەیناکا، بەڵام ئەو هاتووە ڕەخنەمان لێ دەگرێ و تووڕەیە، تەنیا ئەوەندەی گوتبوو، ئەوانیش ئاشتیان کردبووەوە.

**ڕامان:** ئەوجا قسەکەی ڕاست بوو، ڕەخنەی چیت لێ گرتبوو، پێم وایە تەنیا تووڕە بووبووی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هەندێک بە تووڕەیی قسەم لەگەڵی کرد، کە ماڵمان لێرەوە نزیکە و بۆ کێشەم بۆ دروست دەکەی، هەر بۆخۆشم تووڕە بووم، حەزم لە پەیمانگە بوو، وەک بڵێی لە ناچاری دەچوومە ئامادەیی، یەک دوو ڕۆژ دەوامم کرد، برایەکەم لە ڕێگای مووسڵ جوانەمەرگ بوو، ناویشی بەهرام بوو.

**ڕامان:** وەک برایەکەی قەرەنی جەمیل کە ئەویش ناوی بەهرام بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، من کە ئێستا ناوەکەی دەهێنم پێم خۆش نییە، کە گەنج بووین، پێکەوە بووین و لە تەنیشت من دەنووست، بەڵام ئەو قوتابخانەی بەجێ هێشت، زۆر لەگەڵ دایکم و باوکم پێوەندی خۆشتر بوو، من لەبەر ڕەسم کردن و چوونە دەرێ، زۆر لەگەڵ ماڵەوە نەدەگونجام، ئەو زۆرتر منداڵی ماڵێ بوو، لەگەڵ باوکم زۆرتر دەچووە دەرێ، من حەزم لەو ئیشانە نەبوو. جوانەمەرگبوونی برام کاری لە ماڵمان کرد، بۆیە چەندی هەوڵم دا پێم نەخوێندرا، کە دەچوومە سەربانی، قوتابخانەکە بۆخۆشی لەسەر ڕێی مووسڵ بوو، هەر تەماشای ڕێی مووسڵم دەکرد، ئەو ساڵەش، واتە ساڵی خوێندنی ١٩٧١، ١٩٧٢، دەبووایە پۆلی چواری ئامادەیی بم نەمخوێند.

**ڕامان:** کە دەوامت نەکرد و هەر لە ماڵێ بووی، بە چییەوە خەریک بووی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەو کاتە زۆر ڕەسمم دەکرد، لەبەر ئەوەی برایەکەم جوانەمەرگ بوو، لە پەیمانگەش وەرنەگیرابووم، لە ماڵی ئێمە بە تەواوی دەرفەتیان دامێ و کەس بێزاری نەدەکردم، بە ئارەزووی خۆم هەڵسوکەوتم دەکرد، منیش هیچم نەدەکرد، تەنیا دەچوومە کتێبخانە دەمخوێندەوە و ڕەسمم دەکرد، لە کتێبەکانیش ڕەسم هەبا نەقڵم دەکردن، ساڵی ١٩٧٢ بوو، ئەوساڵە زۆر ئیشم کرد.

**ڕامان:** ئیشەکانت هەمووی هەر سکێچ بوون؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** سکێچ و کۆپی تابلۆی هونەرمەندەکان و هەوڵی فێربوون بوو.

**ڕامان:** لەو کاتەوە خەریکی کۆپی تابلۆی هونەرمەندەکان بووی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، لەسەر تابلۆی هونەرمەندەکان، تابلۆی ناو کتێبەکان کارم دەکرد، ئەوسا هەر کتێب هەبوو، لاساییم دەکردنەوە.

**ڕامان:** ئەو کتێبانەی تابلۆی هونەرمەندانی جیهانیان تێدا بووە، تۆ نەقڵت کردوون؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، زۆر لەو کارانەشم ماون، هەرچەندە گەلێکیانم لێ فڕێ دان، بە فەردە لێم فڕێ داون.

**ڕامان:** بە چ کەرستەیەک کارت دەکرد، قەڵەم، پاستیل، زەیت، ئاوی.. تاد؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** هەندێکیـان بـە پاسـتیل بـوون، هەندێکیـان قەڵەمـی ڕەنگاوڕەنـگ بـوون، هەندێکیشـیان تابلـۆ بـوون، یـان بـە قەڵـەم ڕەسـاس و مەرەکـەب ئەگـەر زەوقـم هەبوویـا، بەتایبـەت ڕاهێنانـی ئەناتۆمـی (تەشریح) و شـتی وابـوون، هـی مایـکل ئەنجیلـۆ، هەندێـک کتێـب لـە کتێبخانـە لـە بـارەی هونـەر هەبـوون، زۆرم کار کـرد. لـە سـاڵی ١٩٧٢ لـە پێشانگەیەکیشـدا بەشـدار بـووم.

**ڕامان:** ئـەو کاتـە سـاڵانی ڕێککەوتنـی ١١ی ئـادار بـوو، کورد سـەربەخۆ بـوو، ئـازادی زۆر بـوو.

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** یەکێتیـی لاوان هەبـوو، کـە بارەگاکـەی لـە نزیـک یەکێتیـی نووسـەرانی ئێسـتا بـوو، دڵنیـا نیـم ئـەو بینایـە، یان ئەوەی تەنیشـتی بـوو، لـەوێ سـدیق ڕەباتـی ئیشـی دەکـرد، گوتـی پێشـانگەیەک هەیـە، منیـش لـە پێشـانگەکەدا بەشـدار بـووم، زۆر ئیشـی مـن پێشـان دران، (بەهـرام)ی بـرای (قەرەنـی جەمیل)یش بەشـدار بـوو، مـن زۆرتـر کاری پاسـتیل و هێڵـکاری و ئاویـم کردبـوو، دیـار بـوو زۆر بەدڵیـان بـوو.

**ڕامان:** کێ ئەو پێشانگەیەی کردەوە؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** عەبدولوەهـاب ئەترووشـی پارێـزگاری هەولێـر پێشـانگەکەی کردبوویـەوە، بـەو بۆنەیـە قەڵـەم پەندانێکیـان دامـێ، هەرچەنـدە بۆخـۆم لـەوێ نەبـووم، بـەڵام دواتـر وەرم گـرت، گوتیـان ئـەوە بـۆ تۆیـە، زۆر بـرادەر باسـیان کـرد.

**ڕامان:** کارەکانت بە چ کەرستەیەک کردبوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** ڕەسـمێکی منـارەم بـە ڕەنگـی ئـاوی کردبـوو، زۆر بەدڵیـان بوو، ئێسـتاش هەندێـک بـرادەر دەیگێڕنـەوە، تابلـۆی منـارە زۆر گـەورەش بـوو، بۆخـۆم چوومـە لای منـارە، ئـەو کاتـە خانـووەکان قـوڕ بـوون، پشـتم لـە باکـوور کـرد، ڕووم لـە لای منارەکـە کـرد، پاشـنیوەڕۆ بـوو، بـە ڕەنگـی ئـاوی کـردم، بۆخۆشـم پێـم جوان بـوو، ئەوانیـش زۆر پێیـان جـوان بـوو، چووبـوون لـە ئاوێنەیـان دابـوو.

**ڕامان:** ئێستاش ئەو تابلۆ ئاویانەت ماون؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** نـا، کردبوویانـە دیـاری، بەڵام چییـان کردبـوو، چووبـوون لـە ئاوێنەیەکـی بچووکتر لـە ڕەسـمەکەیان دابـوو، لەبـەر ئـەوەی ڕەسـمەکە گەورەیـە، لـە سـەرەوە تۆزێـک منارەکەیـان بڕیبـوو، منـارە بۆخـۆی سـەری بـڕاوە، چـۆن دەبـێ منـارە ببـڕی، پێـم سـەیر بـوو، تـووڕەش بـووم، گوتیـان ئەوەمـان کردووەتـە دیـاری، نەمزانـی دابوویانـە کـێ.

**ڕامان:** کەرستەی تابلۆکانی دی چی بوون؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** ڕەسـمێکی پاسـتیلیش بـوو لـە تابلۆیەکـی (ئانگـەر)م وەرگرتبـوو، ئەوەشـیان کردبـووە دیـاری، کـە ڕۆژی کردنەوەکـەی مـن لـەوێ نەبـووم، ڕەسـمێکی مۆنالیـزا بـوو، ئەویـش نازانـم کـێ بردبـووی، لەوانەیـە ئەوانـەی سەرپەرشـتیی ئەوێیـان کردبـوو، کردبێتیانـە دیـاری، ئـەوە زۆر دەنگـی دابـووەوە.

**ڕامـان:** زۆربـەی تابلـۆ و کارە هونەرییەکانـت ئـەوان کردوویانـە بـە دیـاری، ئـەی خـۆت لـەو پێشـانگەیەدا هیـچ تابلۆیەکـت نەکـردە دیـاری؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** تابلۆیەکم کردبوو، ئەوەیان لەگـەڵ قەرەنـی جەمیـل پێکـەوە چووینـە غاباتـی لای ئـۆردی، پـاش نیوەڕۆیـەک بـوو، مەسـینەیەک بـوو، مەسـینەی بەگـۆزە، تەنەکـە نـا، لەگـەڵ قوتوویەکـی شـیر بـوو، دامانـنا، بـە ئـاوی ڕەسـم کـرد، ئـەوە لـە پێشـانگەکە بـوو، شـێرکۆ جـەلال کۆیـی گوتـی م. مسـتەفا شـەوکەت جـان، لـە دوا ناوەنـدی کوردسـتان بـوو، دیتبـووی زۆر پێـی سەرسـام بـوو، حـەزی کردبـوو بمناسـێ، شـێرکۆ جـەلال گوتـی وەرە بـا بچیـن مامۆسـتاکەم حـەز

دەکات بتبینێ، بەڵام گوتی حەزی لەو ڕەسمەیە، دەبێ ئەو ڕەسمەی بە دیاری بدەیتێ، ڕەسمە ئاوییەکەمان برد، گوتمان مامۆستا ئەو تابلۆیەت پێشکەش بێ.

**ڕامان:** پەشیمان نیت لەوەی تابلۆ و کاری هونەری خۆت پێشکەشی ئەم و ئەو کردووە، ئەمڕۆ وێنەی ئەو تابلۆیانەشت نییە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هەندێک جار پەشیمان دەبمەوە، هەندێک ڕەسم ڕۆیشتووە، لەگەڵ ئەوەش دامێ. م. مستەفا شەوکەت زۆر منی خۆش دەویست، زۆر بە ئیشەکانم سەرسام بوو، لەو پێشانگەیەدا زۆر سوودم وەرگرت.

**ڕامان:** تۆ کەرستەی وێنەکێشانت بە پارەی خۆت کڕیوە و ڕەسمت کردووە و بە دیاری داوتە بەم و بەو، بیرت لەوە نەکردەوە تابلۆکانت بفرۆشی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بیرمان لە فرۆشتنی تابلۆ و دەسکەوتی ماددی نەدەکردەوە، ئێمە دەچووینە دووکانی سدیق ڕەباتی، کە خۆشنووس بوو، جارێکیان ڕەسمێکیان لێ داوا کردبوو، بە منی گوت ئەوە هی دوکتۆر خالیدە کە پزیشکی چاوان بوو، ڕەسمێک هەبوو هی دوکتۆر ڕازی، لە گۆڤاری عەرەبی لێیان کردبووەوە، ئێمە ئەو گۆڤارەمان دەخوێندەوە، بابەتی باشی تێدا بوو، ئەوەی دامێ و گوتی وێنەی ئەوەمان بۆ بکە، بۆیەی زەیت و فڵچە و شتی وای دامێ، کارەکە لە نێوان ٥٠ بە ٤٥ بوو، بردمەوە ماڵێ بە زەیتی ڕەسمەکەم کرد، بە چاوی ئەو کاتی زۆر پێم جوان بوو، جەماعەت زۆر پێیان جوان بوو، عەباس دەیگوت لە ژیانمدا ئیعترافم بە کەس نەکردووە، ئەوە یەکەم جارە دانی خێر بە کەسێکدا دەنێم.

**ڕامان:** مەبەستت عەباس عەبدوڵڵایە کە ئەوەی گوت؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، ئەویش زۆر دەهاتە ئەوێ، سدیق ڕەباتی دەیگوت من قەت شتی کەسم بەدڵ نەبووە، یەکەم جارە بەدڵم بێ، ڕەسمەکە هی دوکتۆر ڕازی بوو کە چاوی یەکێک فەحس دەکات، لە گۆڤاری (العربي) کوێتی دەریان هێنابوو، کەرەستەکانی دامێ و ئەو ڕەسمەم کرد، هەندێک زەیت و فڵچە مابوونەوە، سدیق ڕەباتی گوتی کەرەستەکان بۆ خۆت، بەڵام ئەو بۆ خۆی پارەکەی وەرگرتبوو، تابلۆکەشم نەدیتەوە، بردیان، بزر بوو، نازانم. هەندێک جار حەز دەکەم ئەو ئیشانەم ببینمەوە، بزانم چییان لێ هات، ئەو کاتی ساڵی ١٩٧٢، لە ڕووی هونەرییەوە زۆر زۆر باشتر بوویووم.

**ڕامان:** ئەی (قەرەنی جەمیل)ت چی لێ کرد، جار بە جار یەکترتان دەبینی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، یەکدیمان دەدیت، کە لە بەغدا دەهاتەوە هەر دەبووایە یەکتری ببینین، باسی پەیمانگەم لێ دەپرسی.

**ڕامان:** پرۆژەتان چ بوو، پێکەوە پرۆژەتان هەبوو، قسەتان لە بارەی چییەوە دەکرد؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** جارێک پێکەوە چووینە مەسیف ڕەسم بکەین، لە پێش گەراجی شەقڵاوە پاس ڕادەوەستا، پێیان دەگوت ئامانە، بۆ شەقڵاوە و مەسیف دەڕۆیشت، پێکەوە چووین، هەردووکمان چووینە پیرمام، ئەو کاتی پێیان دەگوت مەسیف، کاری ئاوی بکەین، هەندێک ژن هاتن دەیانگوت ئەوە عاردی دەپێون؟ گوتمان بەڵێ، عاردی دەپێوین. هەندێک کاری دیکەشم ماوە، کاری ئەو کاتانەیە.

**ڕامان:** کەرستەی وێنەکردنتان لە کوێ پەیدا دەکرد، ئەوکاتی بە ئاسانی بە دەست

دەکەوتن؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەو ساڵانە ئێمە هەندێک کەرەستەمان دەستکەوت، کتێبخانەیەک لەبەر قەڵاتێ کرایەوە، لە خوار چاپخانەکەی گیوی موکریانی، ناوی کتێبخانەی سیروان بوو، خاوەنەکەی کەسێکی خانەنشین بوو، تێگەیشتوو بوو، لە تیپی هەولێر یاری کردبوو، کەرەستەی وەرزشی هێنابوو، وەک فانیلە و تۆپی فوتبۆڵ، پێشتر ئەو شتانە نەبوون بیانکرین، تەنیا لە قوتابخانان هەبوون، کاغەزی ئاوی هێنا بوو، ئەو کاغەزە ئاوییەمان کڕی، حەزمان دەکرد ئیشی ئاوی بکەین، بۆیە ئاوییەکەمان باشتر بوو، زیاتر حەزمان لێ بوو، پێشتر لە هەولێر کاغەزی ئاوی نەبوو.

**ڕامان:** لەناو کەرستەکان بۆ ئیشکردن، زیاتر کامیانت پێ خۆش بوو، زەیتی، قەڵەم ڕەساس، قەڵەمی ڕەنگاو ڕەنگ، ئاوی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئیشی هەموو کەرستەکانم پێ خۆشە، بەڵام زەیت لە هەموویان دەرفەتی زۆرترە، دەتوانی هەموو شتێکی پێ بکەی، بەوانی دیش ئیش دەکرێ، زۆر ئیشی ئاویم کردووە، بە هەموو کەرستەکان ئیشم کردووە، کە ماوەیەک جەخت لەسەر یەکێکیان دەکەمەوە، زۆرتر چاکی و خراپییەکەیم بۆ دەردەکەوێ، من ئیشی ئاوی دەکەم، بەڵام ئاوی وەک سکێچ کار دەکەم، هەندێک جار سەلامەتترە، یان ناسکترە، بۆنی تێدا نییە، فڵچە و ڕەنگ ڕژاندن بە کەرستەی ژەهراوی نییە. زۆر هێڵکاری دەکەم، بەلامەوە هێڵکاری زۆر گرنگە، دەتوانم بڵێم بە ئیشی هێڵکاری ئالوودە بووم، ناتوانم بێ هێڵکاری بژیم، تەنیا ئەگەر دەستم بێشێ.

**ڕامان:** لەگەڵ ئیشی پۆرترێت چۆنی، ناو بە ناو، یان بەردەوام خەریکی پۆرترێت کردنی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لە بواری پۆرترێتدا زۆر ئیشم کردووە، چونکە لەلای ئێمە هونەر بە زۆری ئینسان و ئەو شتانەیە، لە خوێندنیش هەر وایە، ئەوەش هەم سوود، هەم زەرەری هەیە، هەردوو لایەنی تێدایە، بەڵام من لە پۆرترێتدا باشم، کە دەرسیشم گوتووەتەوە، هەر پۆرترێتم گوتووەتەوە، تۆ کە ڕاهێنان دەکەی، بۆ فێربوون پۆرترێت، یان سلایف بەکار دێنی، یان جار بەجار دەچینە دەرەوە، زۆریش ناچینە دەرێ، کەشوهەوایەکە بەو جۆرە نییە، لەو کاتەوە بەردەوام بووم، ئەو کاتەی چووینە مەسیف ئەو شتەمان کرد، هیچی دیکەم بەبیر نایە چووبینە دەرێ، بەڵام پێوەندیم لەگەڵ هەموو برادەرانی پەیمانگە هەبوو، دارا محەمەد عەلی و نەجات عەبدولواحید ئەوانە پێش من و قەرەنی جەمیل و ڕەهبەر جەلال بوون.

**ڕامان:** لەبیرمە دارا محەمەد عەلی لە ساڵی ١٩٧١ لە هۆڵی ئەیووبییە پێشانگەی کردەوە، من بۆ بینینی پێشانگەکەی چووم، ئەو کاتە تەمەنم دوازدە ساڵان بوو.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** وا بزانم ئەو پێشانگەیە لە ئەیووبییە نەبوو.

**ڕامان:** بەڵێ، لە ئەیووبییە بوو، ئێمەماڵمان لە تەیراوا بوو، قوتابخانەی ئەیووبییە لەسەر ڕێگای هاتوچۆی ئێمە بوو.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەو قوتابخانەیە پشتی سینەما سیروان بوو، لەنێوان دادگا و سینەما سیروان قوتابخانەیەک هەیە نەوییە، ئەوانە پۆلی یەک بوون، لەوانەیە تۆش دیتبێتت، بەڵام ئەوە یەکێکی دیکەیە.

**ڕامان:** من چوومە ئەو پێشانگەیە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەوەی تۆ دەڵێی ساڵی ١٩٧٠ بوو، لەوانەیە ١٩٧١ نەبێ؟

**ڕامان:** چاک لەبیرمە، ١٩٧١ بوو، کە چووم دارا محەمەد عەلی ڕانکوچۆغەیەکی سپی و پشتێنێکی گوڵگوڵی پەمەیی لەبەر بوو، لەناو دەرکەی هۆڵەکە ڕاوەستابوو، گوتیان ئەوە هونەرمەندەکەیە کە ئەو ئیشانەی کردووە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** پێش ئەوە لەگەڵ نەجات عەبدولواحید پێشانگەیەکیان کردەوە کە ئێستاش ماوە و لە دەرێیە، فوئاد عەلی لەگەڵ موحسین محەمەدئەمین، ئەوانە چووبوونە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، تەمەنی ئێمە لەوان گچکەتر بوو، کە پۆلی یەکیان تەواو کردبوو، هاوین بوو، پێشانگەیەکیان کردەوە، لەو قوتابخانەیەی لای سینەما سیروان، لەنێوان کۆنە دادگا و بەرانبەر قەڵاتە، شوێنەکەی نەوییە، هەر یەکەیان لە ژوورێک ئیشەکانی خۆیان دانابوو، من چووم تەماشام کرد.

**ڕامان:** هەر بە تەنیا خۆت بۆ بینینی پێشانگەکەیان چووی، کەسی دیت لەگەڵ نەبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لەگەڵ م. موحسین محەمەدئەمین چووم کە ئێستا لە سویدە، ئەو سیرامیکی خوێندبوو، زۆر قسەمان کرد، ئەوم پێشتر ناسیبوو، باسی کرد کە کۆن لە منداڵی ئێمە لە یەک کۆڵان بووین، دوایی چووینە ژوورەکەی دارا محەمەد عەلی، لەبەر ئەوەی منیش ڕەسمم دەکرد، زۆر بەجیددی تەماشای ئیشەکانم دەکرد، موحسین محەمەدئەمین هات گوتی کاک دارا، ئەوە (عەبدوڵڵا ڕەسووڵ)ی ڕەسامە و ڕەسم دەکا، گوتی ئەها، ئەوە بۆیە وا زۆر بەدیقەت تەماشای ئیشەکان دەکا، لەوێ یەکترمان ناسی، ئەوە ساڵی ١٩٦٨ و ١٩٦٩یە، بەڵام دارا محەمەد عەلی دەڵێ ئەو پێشانگەیەی ئێمە، لە ساڵی حەفتا و ئەوانە بووە.

**ڕامان:** ئەو مێژووەی تۆ دەیڵێی ڕاستە، ئەوەی من بۆی چووم ساڵی ١٩٧١ بوو، ئەوەش قسەکەی من دووپات دەکاتەوە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەگەر ئەوەی من بۆی چووم لە حەفتا و ئەوانە بێ، کەواتە ئەوەی تۆ بۆی چووی دەبێ پاشی ئەوە بێ، چونکە ئەوەی من باسی دەکەم بەتەنیا نەبوو.

**ڕامان:** لەوانەیە پاشی ئەوە بێ، چونکە لەوێ هاوبەش بووە، بەڵام ئەوەی من بۆی چووم پێشانگەی تایبەتی خۆی بوو، ئێمەماڵمان لە تەیراوا بوو، بۆ هاتوچۆی قوتابخانە و پیاسەی ئێواران، یان کە ئیشمان دەبوو، بە بەردەمی ئەو قوتابخانەیەدا تێدەپەڕین و دەهاتین و دەچووین، گوتیان لێرە پێشانگە هەیە، منیش چوومە ژوورێ و پێشانگەکەم دیت.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** من (دارا محەمەد عەلی)م لەو پێشانگە چوار قۆڵییە ناسی، موحسین محەمەدئەمین زۆر باسی خوێندنی بۆ دەکردم، دەیگوت لە پەیمانگە ڕەسم و هێڵکاری و ئەوانە دەکەین، منیش بۆردم هەبوو، هێڵکاریم دەکرد و ڕاهاتبووم.

**ڕامان:** ئەی لەگەڵ ڕەهبەر جەلال پێوەندییەکەتان چۆن بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** برادەرایەتیمان باش بوو، ماڵیشمان لە یەکەوە نزیک بوو.

**ڕامان:** سوودتان لە شارەزایی یەکتر وەرگرت؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ڕەهبەر و شێرکۆ جەلال سوودیان لە من وەردەگرت، ئەوکاتە ئەوان ئەوەندە باش نەبوون سوودیان بۆ من هەبێت.

**ڕامان:** لە بیرمە ئەوان ماوەیەک ماڵیان لە تەیراوا بوو، لە ماڵی ئێمەوە زۆر دوور نەبوون.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لەلای قوورنەکەی حەمام موختار بوون، ئێستاش خانووەکەیان ماوە، ماوەیەک پێش ئێستا خوشکەکەیم دیت، پێ دەچوو لەگەڵ پیاوەکەی بێ، پار، یان ٧-٨ مانگ لەمەو پێشتر، بەوێدا تێپەڕیم، بینیم

سەیری خانووەکەیان دەکرد، منیش ڕاوەستام، گوتم ئەوە بۆ تەماشای ئەو خانووە دەکەن؟ پێم گوت تۆ خوشکی ڕەهبەر نیت؟ گوتی بەڵێ، ئیتر قسەم لەگەڵیان کرد، پێم گوت من هاتوومەتەماڵتان، باوکت ئەوها و ئەوها بوو. گوتی بەڵێ، ئێمە لە هەشتاکان لێرە ڕۆیشتین، دیار بوو ئەوانیش باسی ماڵەکەیان دەکرد.

**ڕامان:** ئەو کاتی خوشکەکەیت دیبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، تازە پێ ڕادەگەیشت، جارێک چوومە ماڵیان، لەگەڵ باوکی قسەم کرد، دایکیم بینیوە، بەڵام ڕەهبەر و براکەی دەهاتنە لای من، پێکەوە ڕەسممان دەکرد، شێرکۆ جەلال بە تەمەن لەمن گچکەتر بوو، بەڵام من لەوان باشتر بووم، ڕاستییەکەی ئەوان لە من فێر دەبوون، لە هەموو برادەرەکانم لە پێشتر بووم، بەڵام دوایی منیش لەوان فێر بووم، خۆت دەزانی ئەگەر سەرنج بدەی فێر دەبی، خۆشیان دەیانزانی لەوان باشترم.

**ڕامان:** لەو ماوەیە بوو هونەرمەند نامیق عەلی قادرت ناسی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هەر لە سەرەتای ساڵانی حەفتا ناسیم، لەو کاتانەی یەکتریمان دەدی، فەیسەڵ عوسمان و نامیق عەلی قادر و یەکی دی ناوی کەمال عەلی بوو، حەزی لە ڕەسم دەکرد یەکترمان ناسی، ئەو کاتەی کە چووم پێشکەشی پەیمانگە بکەم و وەرنەگیرام، بە شەمەندەفەر چووین، شەمەندەفەری هەولێر، کەمال عەلی ماڵیان لە تەعجیل بوو، گوتی وەرە بە شەمەندەفەر بچین خۆشترە. گوتی من پێشکەشی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی ئێواران دەکەم، تەمەنی لە من گەورەتر بوو، بۆ وەرگرتن چەند ساڵێک تێپەڕیبوو، من تازە لە سێ دەرچوو بووم، بە شەمەندەفەر بە چاردە سەعات گەیشتینە بەغدا، لەوانەیە ٥٠ بۆ ١٠٠ کاغەزم بە هێڵکاری تەواو کردبێ، هەر هێڵکاریم دەکرد، تا سبەینێ لە شەمەندەفەر هەموو نووستن، من نەنووستم، سەریان لەسەر کورسییەکەی خوار دەبووەوە.

**ڕامان:** کەمال عەلی کە لەگەڵت بوو، ئەویش نووستبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، هێڵکاری ئەو و خەڵکیشم کردووە، ئەوانەم لەلای خۆم هێشتووەتەوە. بۆ سبەینێ سەعات حەوت گەیشتینە بەغدا، من هەر نەنووستبووم، لە بەغدا چووینە هوتێل سامان، ئەو ناوەمان دەزانی، خەڵک دەیگوت بڕۆنە هوتێل سامان، خاوەنەکەی کورد بوو، خەڵکی شەقڵاوە بوو، کەمال عەلی چوو بۆ هونەرە جوانەکانی ئێواران، منیش وەک گوتم چووم مەعامەلەکەم تەواو بکەم، کە ئیشەکەم تەواو نەبوو، هاتمەوە هوتێل، ئەو گەڕابووەوە هەولێر و منی بەجێ هێشتبوو. گوتم ئەوە چۆن منی بەجێ هێشتووە، من سەعات دوو، دوو و نیو گەڕامەوە هوتێل، هیلاک بووم، نەمتوانی ئەو ڕۆژە بگەمەوە هەولێر، ئەو پێش من گەڕابووەوە و بەجێی هێشتبووم، دیار بوو لەبەر تەمەنی بەویشیان گوتبوو ئیشەکەت نابێ، ئەویش نەیتوانی بخوێنێ، ساڵی ١٩٧٩ چووە بولغاریا..

**ڕامان:** کاتێک لە پەیمانگە وەرنەگیرای، ئەو خولیایەت لەلا مایەوە، لەسەر ئیشی هونەری بەردەوام بیت و ئامادەیی تەواو بکەی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** برادەران لێرە، دەوریان هەبوو.

**ڕامان:** وەک کێ، مەبەستت لەو برادەرانە کێیە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هەر هەموو ئەو برادەرانەی

دەورووپشتم، ئەوانەی پێشتر ناوم هێنان، پێیان دەگوتم ئامادەیی تەواو بکە و خەم مەخۆ، دڵیان دەدامەوە، دەیانویست ورەم بەرز بکەنەوە، ئیتر توانیم بە شەقەشەق بخوێنم، لە ئامادەیی قوتابیی ئامادەیی نەبووم، زیاتر وەک قوتابیی هونەر ڕەفتارم دەکرد، زیاتر ڕەسم دەکرد، بەڵام دەمخوێند و دەمگوت دەبێ دەرچم، ئەوها بووم، مامۆستایەک هات ناوی م. فاتیح بوو، بە داخەوە نەماوە، زۆر هانی دام و گوتی پێشانگەت بۆ دەکەمەوە، ئیشەکانم بۆ برد، گوتی تۆ لە من باشتری.

**ڕامان:** فاتیح کێ، باوکی ناوی چ بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هەر دەیانگوت م. فاتیح، نازانم باوکی ناوی چ بوو، کە من کۆلێژم تەواو کرد و بوومە مامۆستا، ئەو سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بوو.

**ڕامان:** ئەوە مامۆستای وانەی هونەر بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** مامۆستای ڕەسم بوو.

**ڕامان:** لە ئامادەیی تووشی چەند مامۆستای وا بووی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هەر ئەو مامۆستای ڕەسم بوو، ستۆدیۆکەی دایە دەستم، بەڵام پێشانگەمان نەکردەوە، بە منی گوت کارەکانت بێنە پێشانگەت بۆ دەکەمەوە، بە کارەکانم سەرسام بوو، گوتی تۆ لە من باشتری، دوایی کات ڕۆیی و کات ڕۆیی، بینیم هیچ لە گۆڕێ نییە، گوتم مامۆستا ڕەسمەکانم بۆ بێنەوە، ڕەسمەکانی بۆ هێنامەوە، هەرچەندە یەک دوو هێڵکاری نەمابوون، باش بوو بۆی هێنامەوە، ئەوە وەک قوتابخانە هیچمان نەکرد، بەڵام بۆ خۆم هەر خەریک بووم، بەتایبەتی خەریکی کتێبخانە و ڕەسم بووم.

**ڕامان:** ئەوکات زۆرتر ئیشەکانت پیشانی کێ دەدا؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئیشەکانم برادەرانم دیویانە، هەر لە بەینی خۆماندا بوو، هەر ئەو برادەرانەی ناویانم هێنا، ئەوانەی لە پەیمانگە دەهاتنەوە، چونکە باسی پەیمانگەیان بۆ دەکردم، باسی مامۆستاکانیان دەکرد، دەیانگوت ئەوەمان خوێندووە و ئەوەمان کردووە، باسی ئەوەیان دەکرد کە پێشانگەمان دیوە، بۆخۆت دەزانی پاش ڕێککەوتنی یازدەی ئادار بوو، تا گەیشتە ساڵی ١٩٧٤ دۆخی کورد باش بوو، منیش ئەو کاتە لە ئامادەیی بووم، کە گەیشتە ساڵی ١٩٧٤ و بوومە پۆلی شەش، لە شەش لەبەر ئامادە نەبوون، خەریک بوو لە قوتابخانە دەربکرێم، زۆر ئامادە نەدەبووم.

**ڕامان:** تۆ دەبوو بخوێنی تا لە ئەکادیمیا وەربگیرێی، بۆچی ئامادە نەدەبووی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** چاردە ڕۆژ نەچوومە قوتابخانە، «قصة الفلسفة»ی (ویل دیورانت)م خوێندەوە.

**ڕامان:** ئەو کتێبە، کتێبێکی زۆر گرنگە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** «قصة الفلسفة» کتێبێکی گەورەیە، هەزار لاپەڕە هەندێک کەمتر بوو، بە چاردە ڕۆژ تەواوم کرد، عەرەبییەکەم باشتر بووبوو، زۆر چێژم لێ وەرگرت، دەچوومە کتێبخانە و دەهاتمەوە ماڵێ، ئیتر ئاگام لە قوتابخانە نەمابوو، کە چوومەوە قوتابخانە گوتیان تۆ دەرکراوی. جێگری بەڕێوەبەر ناوی م. عەلی جەلال، مامۆستای ئینگلیزی بوو، مامۆستایەکی تێگەیشتوو بوو، چونکە دەیزانی من ڕەسم دەکەم، ڕۆژێک بینی ڕەسم دەکەم، گوتی ئێمە چووینە بەریتانیا و دنیا گەڕاین، هونەرمەندەکان لەسەر شەقام ڕەسم دەکەن، تۆ دەتوانی ڕەسمێکم بکەی؟ بە قەڵەم ڕەسمێکم کرد، گوتی باشە.

**ڕامان:** ئامادە نەبوونت لە قوتابخانە هۆیەکەی کەمتەرخەمی و بێباکی بوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** ڕاستییەکەی مامۆستاکان دەیانزانی مـن زیرەکـم و شـت دەزانـم، بـەڵام عەیبەکـەم ئـەوە بـوو نەمدەخوێند. جارێکی دیکە مامۆستایەک گوتـی تـۆ زۆر زیرەکـی، بـەڵام بـۆ هیـچ ناخوێنـی؟ گوتـم مامۆسـتا هـەر خەریکـی ڕەسـمم و لـە ماڵـێ دەخوێنـم. م. عەلـی جـەلال یاریـدەری بەڕێوەبـەر بانگـی کـردم گوتـی وەرە مـن دوو ڕۆژی ئامـادە نەبوونـت بـۆ دەسـڕمەوە، بە مەرجێک بەڵێنـم بدەیێ تـۆ چی دیکە غایب نەبی و لەمـەولا ئامادە بی. گوتم بەڵێ مامۆستا، لەمـەولا ئامادە دەبـم، تـا ماوەیـەک ئامادە بـووم.

**ڕامـان:** بەڵێنەکـەی بـە مامۆسـتات دا بردتـە سـەر، بـە تـەواوی ئامـادەی خوێنـدن دەبـووی؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** تـۆ کـە لـە پۆلـی شەشـی، کۆتایی ساڵ ئیـزن دەدرێـی، وازیـان لێـت هێنـاوە، بـە ئـارەزووی خـۆم ئامادە بم، ئامادە نەبم، ئیدی ترسـم نەمـا، بـەڵام زۆرم دەخوێنـدەوە، زۆر ڕەسـم دەکرد، چونکە نەمدەخوێند کەس باوەڕی نەدەکرد دەرچـم، دوایـی لـە شـەش دەرچـووم، مامۆسـتایەک هەبوو، برادەران دەگێڕنـەوە، ئێسـتاش هەندێکیـان بەبیریـان دێ، مامۆسـتای مێـژوو، مەسـیحی بـوو، نـاوی زاهیـر بـوو.

**ڕامان:** مامۆستا زاهیر کێ؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** لەبیـرم نەماوە، مامۆستایەکی مەسـیحی بـوو، یەکێکـی بەقەڵافـەت بـوو، دەرسـی مێـژووی پێمـان دەگوتـەوە، مامۆسـتاکان تێکەڵمـان نەدەبـوون، بۆخـۆت دەزانـی لـە قوتابخانـە مامۆسـتا کـەم تێکەڵـی قوتابیـان دەبـوون، مامۆسـتاکە دەیگـوت تـۆ دەردەچـی، تۆ دەرناچی، ئەوە شـتێکی بـاش نەبـوو، لـە پۆلـی شەشـی ئامادەیـی، خۆمـان بـۆ بەکالۆریـا ئامـادە دەکـرد، کـە دەگەیشـتە لای مـن تێدەپـەڕی و قسـەی نەدەکرد، نەیدەزانـی بڵـێ دەردەچـی، یـان دەرناچـی، دوایـی لـە بەکالۆریـا وەرگیـرام و دەرچـووم.

**ڕامان:** لە پۆلی شەش نمرەکانت چۆن بوون؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** زۆر بـاش نەبـوون، لـە پۆلـی شـەش ئێمـە بـۆ ئـەو قوتابخانەیـەی لای هۆڵـی گـەل گواسـترابووینەوە، ئێسـتا لـە داون تـاون تێدەپـەڕی، قەبرسـتانێک هەیـە، دەچیتـە سـەر شـەقامی سـی مەتـری، لای هۆڵـی گـەل، قوتابخانەیـەک هەبـوو، وا بزانـم نـاوی ئامادەیـی ئەربیـل بـوو، پۆلـی شەشـمان لـەوێ تـەواو کـرد، کـە بـۆ کارت وەرگرتـن و نەتیجەکـەی شـەش چووینـەوە، بـە پـێ بـە لای بـازاڕ و (داون تـاون) دا چـووم، لـە ڕێگا خـۆم ئامادە دەکـرد کـە مـن کەوتـووم، دەمگـوت ئێسـتا مـن کەوتـووم، باشـە ئەگـەر کەوتـم و مامـەوە چ بکـەم، لـە خوێنـدن دادەبڕێـم، ژیانـم دەگـۆڕێ، هـەر بیـرم لـەوە دەکـردەوە. لـە دڵـی خۆمـدا دەمگـوت بـا خـۆم وا ئامـادە بکـەم کـە کەوتـووم، چـووم ناویـان بانـگ کـردم، گوتیـان دەرچـووی، وەرە پـارەی کارتەکـەت بـدە. بـرادەرەکان دەیانگـوت ئـەوە چۆن دەرچووە! چونکە زۆر گاڵتـەم بـە خوێنـدن دەکـرد.

**ڕامان:** پێـم سـەیرە، دەتویست بچیتـە ئەکادیمیای هونـەرە جوانـەکان و گاڵتەشت بە خوێندن کردووە؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** کـە دەچوویـن بـۆ خوێنـدن، دەچووینـە غاباتـی لای مەحەتـە، هەندێـک برادەرمـان لەگـەڵ بـوو، تـووڕەم دەکـردن، بـە خـۆم نەمدەخوێند، دەمگـوت وەرن بـا بچینـە سـینەما، دوو سـێ جـار چوومـە سـینەما، بـەڵام بـە شـەو دەمخوێنـد. وابزانـم مەعەدەلـم ٥٨، شـتێکی ئەوهـا بـوو، دەرچـووم، بـەڵام دەرچوونەکـەم زۆر خـۆش بـوو، چونکـە بیـرم دەکـردەوە و دەمگـوت ئەگـەر مـن قوتابخانـە بەجـێ

بهێڵم، ئەوە لە ڕۆشنبیری و کتێب دوور دەکەومەوە، بە خۆم دەگوت داخۆ دەکەومە چ ژیانێکەوە، نازانم دوایی چی ڕوو دەدا، لەو بازنەیە دوور دەکەوتمەوە، ئەو دەرچوونەم بەلاوە خۆش بوو، ئیدی خۆم بۆ ئەوە ئامادە کرد بچمە ئەکادیمیا، ئەگەر شتی دیکە نەیەنە پێش، لە ئەکادیمیا خوێندنم دەست پێ دەکات.

**ڕامان:** ئەو کەسانەی ڕوو دەکەنە خوێندنەوە، جاری وا هەیە کتێبێک ژیان و بیرکردنەوەیان دەگۆڕێ، چ کتێبێک تۆی گۆڕی و قەت لەبیرت ناچێتەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەو کاتەی کە «قصة الفسلفة»ی (ویل دیورانت)م خوێندەوە، هەموو شتێک لەبەرچاوم گۆڕا، ئیدی هەر شتێکم بخوێندباوە، بە بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی و ڕەخنەیی دەمخوێندەوە، کتێبی قوتابخانەم لەلا بووبووە گاڵتە، ڕەخنەشم دەگرت، کتێبی «المجتمع» کە بە زمانی عەرەبی بوو، لەگەڵ مامۆستایەکەی گفتوگۆم کرد، پێم گوت ئەوە ژیانی هێربێرت سپنسەر هەڵەیە. گوتی چۆن هەڵەیە؟ گوتم تەماشا بکە، ئەوە ژیانەکەی ئەوهایە و ئەوهایە، چونکە پێشتر هێربێرت سپنسەر و سپینۆزا و ئەوانەم خوێندبووەوە، ئەو کتێبە زۆر خۆش بوو، زۆر چێژم لێ وەرگرت، زۆر لە قسەکان و حیکمەتەکانم وەردەگرت، هەندێک دەفتەرم هەبوو، قسە جوان و بەهێزەکانم لەناو کەوانە دادەنان، دوایی کتێبی «کیف تکتب بحثا او رسالة»، وا بزانم نووسینی فوئاد ئەلجەمیل بوو.

**ڕامان:** زۆر کەس لەسەر ئەو بابەتەی نووسیوە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لە کتێبخانە کتێبێکی عەرەبیی کۆن بوو، ئەو کاتە کتێبی وا زۆر نەبوو، کتێبی «کیف تکتب بحثا او رسالة»، بە تایبەتی لە مەسەلەی دانانی پەرەگراف و ڕستە و خاڵبەندی و ئەو شتانە زۆر سوودم لێ وەرگرت، لەوەوە نووسین لەبەرچاوم جوانتر بوو، کە شتم دەخوێندەوە بۆم شی دەکرایەوە، نەک خوێندنەوەیەکی هاکەزایی بێ، کتێبێکیش هەبوو ناوی «اسس الفلسفة» بوو، نووسەرەکەی تەوفیق ئەلتەویل، ناوێکی ئەوهایە، ئەو کتێبەش گەورە بوو، باسی مەنتیق و فەلسەفە و بەشەکانی فەلسەفە بوو، ئەوەش زۆر سوودبەخش بوو.

**ڕامان:** تۆ زۆر باسی کتێبی فەلسەفی و کۆمەڵناسی دەکەی، کەمتر باسی کتێبی هونەری دەکەی، ئەی لەگەڵ خوێندنەوەی کتێبی هونەری چۆن بووی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** من کە ژیانی هونەرمەندەکانم دەخوێندەوە، یان کتێب و بابەتی دیکەم دەخوێندەوە، بەو تێڕوانینە فەلسەفییە بۆی دەچووم، بە سادە و ساکاری بۆی نەدەچووم، ئەوە زۆر کاری لە من کرد، کتێبی (المجتمع)ـەکەی شەشی ئامادەییم لە پێش چاو بوو بە شتێکی زۆر ئاسان، کردبوومە چەند پەڕەیەک، دارشتنی نووسینم باشتر بوو، خوێندن و قوتابخانە لەلای من زۆر ناخۆش بوو، هەستم دەکرد ئەو کتێبانە لەلام هیچ نین، خوێندنەوە کاریگەرییان لەسەر قووڵبوونەوەی هونەریم هەبوو، ئەگەر باسی کتێبە هونەرییەکان بکەم زۆری دەوێ، تەمەنیشم گەورەتر بوو، تا لە ئامادەیی دەرچووم، ڕووداوی گەورە ڕوویان دا، یەکیان ساڵی ١٩٧٥ بوو، بۆ خۆت دەزانی ئەو ساڵە ڕێککەوتنی نێوان عێراق و ئێران بوو.

**ڕامان:** تۆ ساڵی ١٩٧٥، پۆلی شەشی ئامادەیی بووی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** پۆلی شەش بووم، من نەچوومە دەرێ، هەولێر چۆڵ بووبوو، دەوامم نەبوو، لە ماڵەوە هەر خەریکی ڕەسم کردن

بووم، بەڵام بۆخۆت دەزانی هەر ناخۆش بوو. لەو ئامادەییەی خۆمان بڵاوکراوەیەکی قوتابخانەمان دەرکرد، من زۆر ئیشم تێدا کرد، زۆر بە جوانی ڕێکم خست، بە قەڵەمی قاوەیی، وێنەیەکی مەلا مستەفای بارزانی نەمریشم کرد، لەناو بڵاوکراوەکەم کردبوو، وێنەکە تا ناوقەدی بوو.

**ڕامان:** پێشتر وێنەی بارزانی نەمرت کردبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ڕەسمەکەی بارزانی نەمرم دەرخ کردبوو، چونکە لە ماوەی ساڵەکانی ١١ی ئادار بە قەڵەمی ڕەش، یان قەڵەمی ڕەژوو زۆرجار ئەو وێنەیەم کردبوو، وێنەکە بۆ برادەرەکانی باوکم و مامم و ئەوان بوو، جارێک بە (کەریم سۆفی)شیان نیشان دابوو، چونکە ماڵیان لەوێ بوو، هەندێک برادەری باوکم، دەیانگوت بە گەورەیی وێنەی (بارزانی) مان بۆ بکە، بە قەڵەمی ڕەژوو، زۆر ئەو وێنەیەم دەکرد، کە بڵاوکراوەکەم کرد، باش بوو بۆشاییەک مابوو، لە خۆمەوە شیعرم تێدا نووسیبوو، سێ چوار دێڕ بوو، باسی پێشمەرگە و سەنگەر بوو، دەیانگوت ئەوە شیعری کێیە، دەمگوت هی (گۆران)ـە، هەتا ڕێزی بگرن، دەیانگوت شیعرێکی زۆر باشە، لە کاتێکدا ئەوە شیعریش نەبوو، هەر وشە بوو ڕێکم خستبوون، پێشمەرگە لە سەنگەرە و نازانم چی، پێنج شەش دێڕێک بوو.

**ڕامان:** ئەوە ئەو کەتنەشت کردووە پێمان ناڵێی، شیعریشت نووسیوە قسەی ناکەی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لە خۆمەوە نووسیبووم، گوتم ئەوە هی (گۆران)ـە، هەر لە خۆشمەوە ئەوەم بە دەمدا هات و گوتم.

**ڕامان:** هەر ئەو شیعرەت نووسی، یان هی دیکەشت نووسیوە و لێمانی دەشارییەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا نا، هەر ئەوەندە بوو، بڵاوکراوەکەم پێ پڕ کردەوە، زۆر شتم دەکرد، بۆ ئەوەی بڵاوکراوەکە پڕ ببێتەوە.

**ڕامان:** زانیمان لە شەشی ئامادەیی ئەو بڵاوکراوەیەت ئامادە کرد، پێشتر بڵاوکراوەی دیکەت کردبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، لە قۆناغەکانی خوێندن، پێشتر بەشدار دەبووم، بەڵام بەو شێوەیە نەبووە، لە شەشی ئامادەیی بووم، کە لە ساڵی ١٩٧٤ شەڕ دەستی پێ کردەوە، یەکێتیی قوتابیان، ئەوەی کە سەر بە کوردی خۆمانە، گۆڕا و بوو بە یەکێتیی قوتابیانی کوردی سەر بە حکوومەت.

**ڕامان:** یەکێتیی قوتابیانی عێراق، «اتحاد طلبة العراق»ی سەر بە بەعس بوو، یان یەکێتیی قوتابیانی ئەو کوردانەی هاوپەیمانی ڕژێم بوون؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هەر کورد بوون، دیار بوو لایەنەکەی دیکە بوون، هەستم کرد ئەوانە شەڕیان پێ دەفرۆشتم، بە ناوی ئەوەی دەیانگوت تۆ گوتووتە قورئان کتێبە، لەسەر ئەو بابەتە بووە دەنگەدەنگمان، ویستیان شکایەتم لێ بکەن، ئیشەکەیان گەورە کرد، بۆخۆیان دەڵێن قورئان کتێبوڵڵایە، واتە کتێبە، ئەوان دەیانگوت نا، دەبێ بڵێی قورئان پیرۆزە، من زۆر بە دین نیم، بەڵام هەمیشە ڕێزم لە ئایین گرتووە. گوتم ئەوە کتێبە، ئەوەیان لێم گەورە کرد، هەندێ لە برادەران گوتیان لەبەر ئەوەیان نییە، لەبەر ئەوەیە کاتی خۆی بڵاوکراوەکەت کردووە، بابەتەکە بڵاوکراوەکەیە، بەڵام ئەوان ئەوە ناڵێن، بە ئەنقەست ئەوەیان بۆت دروست کردووە.

**ڕامان:** لە بڵاوکراوەکە باسی کورد و پێشمەرگەت کردبوو، وێنەی (مەلا مستەفای بارزانی)ت تێدا کردووە، بۆیە بیانوویان پێ گرتووی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ناوی پێشمەرگە، لەگەڵ وێنەی بارزانی بوو، من هەستم کرد ئەوە هۆکارێکە، وای تێگەیشتم، چونکە ئەوانیش کورد بوون و بە باشی دەمیانناسی، یەکێکیان کوڕێکی گەنج بوو، خزمی هادی ئاغا بوو، لەگەڵ حکوومەت بوون، بە ئەقڵم یەکێکیان بە ئەسڵ عەرەب بوو، بەڵام لایەنێکی دیکە هەبوو، ئەوانەش ئۆتۆنۆمییان قبووڵ کرد، حزبە کوردییەکانیان دروست کرد و چوونە پاڵ حکوومەتی عێراقییەوە.

**ڕامان:** بەڵێ، حزبە کوردییە کارتوونییەکانی سەر بە حکوومەت دروست بوون، ئەو حزبانە ژمارەیان زۆر بوو.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هەندێک لەو کوڕانە باش دەرچوون، هەرچەندە هەندێکیان سەر بە حکوومەتیش بوون، بەڵام زەرەربەخش نەبوون، ویستیان بانگم بکەن، منیش تەحەدام کردن، پێم گوتن تەحەداتان دەکەم، وەرن هەمووتان دانیشن گفتوگۆ دەکەین، برادەرانی دی، ئەوانەی سەر بەولا بوون، یەکیان لوقمان عەلی، برازای مەلا ماتۆڕ بوو، ئەوانی دیکە یەکێکیان ناوی سەرتیپ دزەیی بوو، کۆمەڵێک لەوانە لایەنگری من بوون، ئەوانە کوردایەتییەکەیان دەکرد، لەگەڵ ئەوانەی دیکە نەبوون، گوتیان گفتوگۆیان لەگەڵ مەکە، هاتنە ژوورێ، هەموو مێز و کەلوپەل و کاغەزەکانی سەر مێزەکەیان فڕێ دا، گوتیان بڕۆ هەر منەتیان مەزانە و وەرە دەرێ. چووینە دەرێ، خەریک بوو ببێتە شەڕ و کێشە، دوایی بابەتەکە بزر بوو، یان بڵێین بزریان کرد، وازیشیان لە من هێنا، من حەزم کرد ئەو ڕووداوە بگێڕمەوە، چونکە ئەو کاتە زۆر ڕقم لە هەندێ کەس هەستا بوو، هیچ چارەشمان نەبوو، کاتەکەی، کاتێکی خراپ بوو.

**ڕامان:** بۆچی ڕقت لێیان هەستا بوو، لەبەر ئەوەی دژی کورد و کوردایەتی بوون و بەرانبەر تۆ وەستانەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لەبەر ئەو دوو لایەنیی و شەڕفرۆشتنانە بوو، باش بوو پۆلی شەشەکەم تەواو کرد و لەو مەسەلانە دوور کەوتمەوە، چونکە هەندێکیان بووبوونە ئیتیحاد تەڵەبەی بەعس، لە قوتابخانە لەگەڵم بوون، لە دواییشدا کوڕی باش دەرچوون، پاشان کە شەشم تەواو کرد و چوومە ئەکادیمیا، یەکەم جار بۆ وەرگرتنەکەم، زۆر بە ئەکادیمیاوە ماندوو و هیلاک بووم.